YADNAMA

# یادنامە

سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam
Holland

بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە

ژمارە 13 — 2020 07 MAART — 07 ی مارتی 2020

# سڵاو لە یادی ڕۆژی ڕاپەڕین

## سەرگوتار

یادنامە هەمووجار لەکاتی دەرچووونیدا تایبەت بە یادێک تەوەرەیەکی تایبەتی دەبێت، ئەمجارە نزیک لە ڕاپەڕین و ڕووبەڕووبونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا دەدوێین، خۆ ئەگەر ڕاپەڕین گواستنەوە بووبێت بۆ قۆناغێکی تر، ئیتر بەمانای ئەوە نایەت دواقۆناغە، بە پێچەوانەوە قۆناغی دوای ڕاپەڕین گرنگ بوو بۆ قۆناغی پێویست تر کورد لە باشور کاربکات بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی هەمەلایەنە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی تر، ئالێرەوە با بپرسین ئایا بەرپرسانی باشور، کە خۆیان و هاوڕێکانیان بە هۆی سەختی قۆناغی خەباتی شاخەوە، یەکی بە دەست کۆمەڵێ نەخۆشیەوە دەناڵێنن، ئایا تا ئێستا سیستەمێکی تەندروستی وایان بونیادناوە، هیچ نەبێت بتوانن خۆیان و هاوڕێکانیان چارەسەر بکەن، یان ئەو هەمو پارەیەی دەچێتە دەرەوە بۆ چارەسەری نەخۆشی ئەگەر سیستەمێکی تەندروستی باش هەبوایە،دەتوانرا داهاتێکی زۆر بگەڕێتەوە سەر تێچوی سیستەمی تەندروستی، وە دەبووە سەرەتای ئەزمونێکی باش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی تەندروستی، کە بەداخەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا چونکە ئەزموون و سیستەمێکی باشمان نیە وەک پێویستی خۆپاراستن و چارەسەر نین، کە دەکرێت بۆ یادی ڕاپەڕین ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین..؟ بەدواچوونێکی سەرتاپاگیر بەسەر حوکمڕانی ئەم ٢٩ ساڵەی فەرمانڕوایی حیزبە کوردییەکاندا بکەین و لێیان بپرسین چیتان کرد دەتانەوێت چی بکەن...؟ دەبێت بەخۆتاندا بچنەوە، چونکە ئەگەر ئەم ئەزموونەمان لەدەست بچێت، مێژووی قوربانیدان و شەهیدەکانمان ڕەحمتان پێناکات و بە فیرۆدانی خوێنی ئەوان لە ئەستۆتان دەبێت. وڵات لە قەیرانێکی مەزن و و قوڵدایە و ناوچەکەش بەرەو گۆماوێکی لێخن هەنگاو دەنێت. فریادڕەسێکی حەکیمی دەوێت، ببێتە هەتووانی ئەم زامە قوڵانە. دەبا لە یادی ڕاپەڕیندا نەک تەنها یەکریزی خۆمان بپارێزن، دەبێت، گوێ لە یەکتری بگرین و یەکترمان خۆش بوێت، ئەو سەدان هەزار شەهیدەی لە پێناوی ئێمەدا گیانیان بەخشیووە، دەبا ئێمەش خوێنیان بەهەدەر نەدەین و بزانین و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئایندەدا دەکەین، دەست لەدەست و پشتیوانی لە هێزی لەنب نەهاتووی گەلەوە.

**یادنامە**

## ڕاپەڕین و دیلە عەرەبەکان



**مەسعود عەبدولخالق**

کۆمەڵێک وەسفی ڕاپەڕین و کاری عەبەسی هەیە، کە لەلایەن دورکایمەوە بە عەقڵی دەستە جەمعی ناوزەدکراوە، پێی وایە خەڵکی مەیلی ژیانی مێگەلیان هەیە (نزعە القطیع)، بە تایبەتی لەکاتە هەڵچوەکاندا، مەبەستی لەوەیە ئەگەر هەندێکیان (بەتایبەتی خەڵکە کاریگەرەکان) شتێک بکەن هەمووی بەدوایدا لاسایی دەکەنەوە، ئەو لە شۆڕشی فەرەنسی تێبینی کردبوو، کە بەرەوە دەچوون پردێکیان دەشکاند، کە خۆیان زەرەرمەند دەبوون، یان بەرەوە بینایان تاڵان و وێران دەکرد...بۆیە گەلێ جار وەسفی ڕاپەڕین و شۆڕش بە ناعەقڵانی و عەبەسی کراوە، لەوانە: نیتچە، گۆستان لوبون، بەشێکی تر بەدۆخی (لا شعوری– بێ هۆشمەندی) و هەتا بە (شێتانە و بەربەر)یش لە قەڵەمی دەدەن، مالرۆ بە جۆرێکی تر پێی وابووە هەر شۆڕشێک ئابووری نەبێت (ثورە بلا سبب)ە یان (ثورە لا عقلانیە)یە.. شۆڕش ئەخلاقی و ئاینی و مەبادیئی و عەقیدەیی و مانایەک نابەخشێت لەوانە خراتر (بروتوکولات حکماء صهیون) شۆڕش و ڕاپەڕین بەسەگوەڕ هەژمار دەکات، هەندێ زانای ئاینی تایبەتیش (عادەتەن پێیان دەووترێت سەلەفی لاجهادی)، کە نزیکن لە دەسەڵاتی سعودیە، هەمان ئەو ڕایەیان هەیە و لایەنگیری شۆڕش و ڕاپەڕین ناکەن، تەنانەت لەکاتی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی بەردەوام فتوایان دژی ڕاپەڕین دەدا، تەنانەت تاڕادەیەک ئیبن خەلدونیش هەندێ جار شۆڕشی بە شێتانە لە قەڵەمداوە، سیاسیەکانی عێراقی سەردەمی شۆڕشی بیستی عێراقیش وا لە یاداشتەکانی (جیمی کارتەر)ی سەرۆکی ئەمریکی دەردەکەوێت، پێش سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئیسلامیەکان (لە ساڵانی 1977) عەرەبی سعودی ترسی لەو بزوتنەوانە (شێت و شارانە) هەبووە و لای سەرۆکی ئەمریکی باسی کردوون.

بڕوانە ل 13

# پێشەوا تاڵەبانی و چەند بیرەوەرییەک



هشیار عابد

کاتێک ئێمەی کادیرانی کۆمەڵەی مارکسی لینینیی کوردستان لەشاخ بووین، وەهمێکمان هەبوو لەبارەی خۆمانەوە کە هەر ئێمە خەباتگێڕی ڕاستەقینەین و هێزەکانی تری ناو مەیدانەکە ناراستەقینە بوون. هەر بۆیە بەچاوی گومانەوە سەیری ئەوانمان دەکرد، هەرچەندە هاوسەنگەریش بووین. ئەو بۆچوونەمان تەنانەت مام جەلالیشی دەگرتەوە و خزموکەسوکاریمان خۆشنەدەویست. بەڵام دوو کەسایەتی هەبوون لە خزمەکانی مام جەلال کە ئەم بۆچوونەمانیان بە هەڵە دەردەخست. یەکیان کاک عەلی شێخ ساڵح تاڵەبانی و ئەویتریان دکتۆر پێشەوا تاڵەبانی بوون، کە برازا و خوشکەزای مام جەلال بوون. ئەوان ئەوەندە میهرەبان و بەڕێز بوون کە ناچاریان دەکردین ئێمەش ڕێزیان لێ بگرین و خۆشمان بوێن. هەرزوو دوابەدوای گەڕانەوەی مام جەلال لە سووریاوە لە پاییزی ١٩٧٩دا، من هەردووکیانم ناسی. وەکو بیرم مابێت، کاک عەلی لە سکرتارییەتی مام جەلال بوو و د. پێشەواش لە سەرەتاوە لە سکرتارییەت بوو دواییش چوە بەشێکی ترەوە کە بەتەواوەتی لەبیرم نەماوە کامەیان بوو. ئەوەی کە هەر لەیەکەم دیدارەوە لەو دوو برادەرەت تێبینیت دەکرد، جگە لە هێمنیی و ڕووخۆشییان، تەواوزۆعیان بوو. ئەم دوو زاتە خوێندەوارو پێگەیشتووبوون و زۆر لەنزیکەوە خزمایەتییان هەبوو لەگەڵ مام جەلال. بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەو پەیوەندییە بۆخۆیان بەکاربهێنن، بگرە تارادەیەک وا هەستت دەکرد کە ئەوان بەم پەیوەندییەوە ئیحراج دەبوون. لە ساڵی ١٩٨١ یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە یەکگرتنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانی کوردستان و خەتی گشتیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانەوە دامەزرا. لە کۆنفرەنسی دامەزرانی یەکیێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا د. پێشەوا کاندید کرا بۆ سەرکردایەتیی یەکێتییەکە. دەنگەکانی د. پێشەوا زۆر نزیک بوون لە ژمارەی دەنگەکانی مام جەلال و لە هەندێک ساتی خوێندنەوەی دەنگەکاندا، دەنگەکانی د. پێشەوا پێش دەنگەکانی مام جەلال دەکەوتنەوە. بۆ هەر کەسێکی تر ئەمە دەبووە مایەی شانازی بۆیان، کەچی د. پێشەوا بەمە تەریق بوبوەوە. دوایی ترئەو پێی گوتم کە لەو ساتەدا ئەو لە تەریقیا تەمەنناى دەکرد کە ئەرزەکە شەق ببات و قووتی بدات. ئێمە پێکەوە گەیشتینە بەریتانیا لە کۆتایی ١٩٨٥ دا و دوای چەند مانگێک پێکەوە لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن دەستمان بە کارکردن کرد. هەروەها ماوەیەک پێکەوە لە یەک ماڵدا دەژیاین. ئەو کاتەی لە مەڵبەند بووین د. پێشەوا کاتێکی زۆری تەرخان دەکرد بۆ کۆکردنەوەی دۆکیومێنتەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەبوو. تەنانەت دوای تەواوبوونی کارەکەمان لە مەڵبەند و ئیشکردنی ئەو لە شوێنێکی تر، د. پێشەوا هەر بەردەوام بوو لەسەر کۆکردنەوەی ئەو دۆکیومێنتانە، زۆرجار بە پارەی گیرفانی خۆی، بۆ دامەزراندنی ئەرشیفی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن. وەکو من ئاگام لێی بوو، سەدان دۆکیومێنت، کە بە هەزارەها لاپەڕە دەبوون، لە کتێبخانەی مەڵبەندا کۆکردبوەوە.



ئەوکاتەی کە هەردووکمان لە ماڵێکدا دەژیاین د. پێشەوا لە ئوتێلێک وەکو بەڕێوەبەری شفتی شەوان کاری دەکرد و منیش لە شوێنێکی تر بە ڕۆژ کارم دەکرد. زۆر جار وا ڕووی دەدا کە بە چەندین ڕۆژ یەکتریمان نەدەبینی، هەرچەندە لەیەک ماڵدا دەژیاین. وا ڕێکدەکوت کە هەفتەی ڕۆژێک لەکاتی ڕۆژدا پێکەوە لەماڵ دەبووین. ئەو ڕۆژەمان بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ناوماڵ تەرخان دەکرد. بازاڕمان دەکرد و جلوبەرگمان بۆ شتن دەبرد بۆ لۆندری. جارێکیان جلە پیسەکانمان خستە ناو عەلاگەیەکی نایلۆنەوەو بەرەو لۆندرییەکەی نزیک ماڵمان ڕۆیشتین، بەڵام بینیمان داخرا بوو. کە پرسیمان، پیرەژنێک زۆربەجوانی بۆی ڕوون کردینەوە کە ئەم لۆندرییە حەفتەی شەش ڕۆژ لە بەیانییەوە تا درەنگی شەوان کراوەیە، تەنها ڕۆژی چوارشەممان نەبێت کە دادەخرێت. بۆ نەگبەتیمان، ئەو ڕۆژە چوارشەممە بوو. ناچار بە جلە پیسەکانمانەوە گەڕاینەوە ماڵەوە. حەفتەی دوای ئەوە، بەهەمان شێوە، ڕۆژێک ڕێککەوت کە پێکەوە لە ماڵەوە بووین و بڕیارمان دا دیسان بچینەوە بۆ لۆندرییەکە. ئەمجارەیان سەرو دوو عەلاگەی جلی پیسمان لەگەڵ خۆ برد. کەچی دیسانەوە بینیمان داخرا بوو. تومەس ئەو ڕۆژەش هەر چوارشەممەبوو بەڵام بیرمان نەمابوو. بە بەخۆپێکەنینەوە بەجلە پیسەکانمانەوە گەڕاینەوە ماڵەوە. د. پێشەوا گۆتی ئێمە هەمیشە گلەیی لەسەرکردایەتی خۆمان دەکەین کە شۆڕشی کوردیان بەبێ پلاندانان بەڕێوەدەبرد، کەچی دوو کەسی خۆ بە تێگەیشتوو زان، پلانێکی سادەی وەکو شتنی جلەپیسەکانیان دووجار شکستی هێنا لەبەر هەمان هۆ، ئەویش نەزانینی کاتی کردنەوەی لۆندرییەکەیە. دواییتر هەردووکمان لەیەک ترازاین و هەریەکەمان خەریکی ژیانی خۆی بوو. جاربەجار لە بۆنە کوردییەکاندا یەکتریمان دەبینی و هەواڵی یەکتریمان دەپرسی و بیری یادی جارانمان دەکردەوە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی پێکەوە دەژیاین. ڕۆژێکیان د. پێشەوا بیری خستمەوە کە ئێمە هەمیشە بازاڕمان دەکرد و سەلاجەکەمان پڕ دەکرد لە خواردەمەنی، کەچی فریای ئەوە نەدەکەوتین بیخۆین. جارێکیان هەردووکمان پێکەوە لەماڵەوە بووین و ویستمان چێشتی بەیانی ئامادە بکەین. سەیری سەلاجەکەمان کرد کە چەندین کیسەی نانی بەکارنەهاتووی تیابوو کە چیدی کەڵکی خواردنیان نەمابوو. یەکێکیان هەر کەرووی هەڵهێنابوو و فڕێمان دا. ئەوی تریان تاریخی بەسەرچوونی تێپەڕی کردبوو و ئەویشمان فڕێدا. د. پێشەوا دانەیەکی تری دۆزییەوە و گۆتی وەرە با ئەوە بخۆین چونکە تاریخی هەر لەسەر نەنووسراوە. د. پێشەوا پیاوێکی بە پرنسیپ و پرەها بوو. هەرگیز هیچ کاری نەدەکرد کە لەگەڵ بەها و پرینسیپەکانی جووت نەدەبوو. هەروەهاش پیاوێکی زۆر بە ویژدان بوو و حوکمی بەسەر کەسەوە دروست نەدەکرد. سەرەڕای جیاوازیی بۆچوونمان لە مەسەلی سیاسەت و ئایین، بەڕێزیکی زۆرەوە گوێی لە بیروڕای دەگرت و هەربۆیەش گفتوگۆی دووردرێژ و هەمە بابەتەمان دەبوو، کە زۆربەی کاتیش هاوڕا دەبووین. د. پێشەوا زۆر بەجوانیی هاتە ناو ئەم ژیانەوە و هەر بەجوانییەوە ماڵئاوایی لێ کردین.

# لە یادەوەری مامۆستا سەعید گەوهەری نەمردا



ئەمڕۆ ڕۆژێکی پیرۆزە بۆ هەموومان، چونکە یادی تێکۆشەرێکی گەورەی نەتەوەکەمان و مامۆستایەکی نەمری بیروباوەڕ و ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی دەکەینەوە. ئەمڕۆ یادەوەریی مامۆستا سەعید گەوهەری نەمرە، ئەو گەوهەرە مەزنەی کە وانە نەمرەکانی مرۆڤایەتی و کوردایەتیی فێرکردین، مامۆستا سەعید گەوهەر بوو فێری کردین کە نەتەوەی کورد بەشێکی دانەبڕاوە لە مرۆڤایەتی. ئە و بوو فێری کردین مرۆڤبوونمان، کوردبوونمانە و کوردبوونیشمان مرۆڤ بوونمانە. گەوهەری کورد بوو فێری کردین کە کوردیش وەکو بەشێکی مرۆڤایەتی خاوەنی هەموو مافە ڕەواکانی مرۆڤ بوون و کورد بوونە، ئەوەی بۆ نەتەوەکانی دیکە، مافی ڕەوایە، بۆ کوردیش هەر هەمان ماف و هەر هەمان ڕەوایەتییە. مامۆستا گەوهەر بوو فێری تێکۆشان و کۆڵنەدانی کردین. مامۆستا گەوهەر بوو فێری کردین کە دوژمنانمان کێبوون و کێن و دۆستانمان کێن و کێ دەبن. ئە و مامۆستا ڕابووردوو خاوێنە بوو فێری کردین، گەورەترین شانازیی هەر مرۆڤێک لە ڕەوشتە بەرزە مرۆڤانەکەیدایە، شانازیی هەر کوردێک لە تێکۆشان و دڵسۆزییدایە بۆ کورد و کوردستان.

مامۆستا گەور بوو فێری کردین, کە دوژمن هەر دوژمنە و داگیرکەر هەر داگیرکەرە و هەرگیز نابنە دۆست و پشتیوان و جێگەی باوەڕ و متمانە. مامۆستا گەور بوو فێری کردین کە هەر تەنها ئێمەی کورد خۆمان، دەتوانین و دەکرێت ببینە دڵسۆز و پشتیوان و جێگەی باوەر و متمانەی یەکتر. مامۆستا گەور بوو فێری کردین کە هەر تەنها تێکۆشان و دڵسۆزی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی نێوخۆییمانە کە دەمانگەیەنێتە دوا هەواری سەرکەوتن و ئامانجە ڕەواکانمان.

بەڕێزان.....

ئێمە پێمانوایە لە یادەوەریی ئەم گەوهەرە ڕەوشتپاک و ڕابووردووپاک و بیروباوەڕپاکەدا، هەرچی بڵێین و بنووسین، هەر کورت دێنێت، هەر بۆیە دەڵێین: ئەی مامۆستا نەمرەکەمان، ئێمە هەمیشە شاگرد و فێرخوازی ئێوە بووین و دەبین، ئێمە هەردەم بەوپەڕی سەربەرزی و شانازییەوە یادتان دەکەینەوە. هەر بۆیە هەمیشە دەڵێین: ڕابووردووتان و مێژووتان و بیروباوەڕتان لەناوماندا گیانێکی زیندوو و یادەوەرییەکی زیندوو و سرووشبەخشێکی هەتاهەتاییە بۆ دڵسۆزی و کۆڵنەدانمان، بۆ بەردەوامیی کوردبوون و تێکۆشانی کوردایەتیمان.

ئەوە گیانی پاکی مامۆستا سەعید گەوهەرە کە ئێستا لەناوماندایە و هەمووومانی لەم شوێنە پیرۆزەدا پێکەوە کۆکردۆتەوە. ئەوە گیانی مامۆستا سەعید گەوهەرە کە هەمیشە هەر زیندووە، ئەوە ڕابووردوو و مێژووی تێکۆشانی مامۆستا سەعید گەوهەری نەمرە کە بۆ هەمیشە مایەی شانازی و دڵخۆشی و سەربەرزیمانە.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی مامۆستا سەعید گەوهەری نەمر، گەوهەری مێژووی کورد و کوردستان، گەوهەری ڕێبازی ڕاست و بیروباوەڕی پیرۆزی کوردایەتی.

سەری ڕێز و ملکەچی بۆ گیانی پاک و گڵکۆی پیرۆزی مامۆستا سەعید گەوهەری نەمر ، دادەنەوێنین.

هەزاران تاجەگوڵینەی ڕێز و ئەمەک بۆسەر گڵکۆی پیرۆزی گەوهەری کورد و کوردایەتی.

هاوبیرانی مامۆستا سەعید گەوهەر لە هەندەران

## بۆچی سەعید گەوهەر خۆی کوشت!؟

٢٧ ساڵ لەمەوبەر، بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئێوارەی١٩٩٣/٢/٢٢ مامۆستا سەعید گەوهەر هاوبیری کاژیک و تێکۆشەری کوردایەتی، لە ماڵەکەی خۆیاندا بە دەستی خۆی و بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی هێنا!؟

بێگومان خۆکوشتنی هەر مرۆڤێک کارەساتێکی مرۆییە و دەبێتە هۆی خەم و پەژارە و جێگەی سەرسوڕمان و پرسیاری زۆر بۆ کەسانی تر، بەڵام ئەگەر سەرنجی وردو گردانە لە هەندێک لە وتەکانی مامۆستا سەعید گەوهەر بدەین، تێدەگەین کە بۆچی لە ژیانی خۆی تورە و بێزار بووە!؟ زۆر بەداخەوە، سەرەنجام ئە و تورەیی و بێزارییەشی بە خۆکوشتن دەربڕیوە.

هەندێک لە وتەکانی مامۆستا سەعید گەوهەری کوردایەتی:

ئەوەی ئێمە خەباتمان بۆ کرد، ئەنجامەکانیان پێچەوانە بوونەوە.

لە کاتێکدا ئێمەی کورد نەتەوەیەکی ژێردەستەین، ئەی بۆچی پارتێکی نەتەوەیی پێشڕەویمان نەکات و ئازادی و سەربەخۆییمان بۆ بەدینەهێنێت!؟

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و گەڕانەوەی پارتە کوردییەکان بۆ ناو شارو شارۆچکەکان، ئیتر گەندەڵی و دزی و جەردەیی و تاڵانچێتی و ستەمکاری دەستی پێکرد، زەمینە خۆشکرا بۆ شەڕی ناوخۆو کوشت و کوشتارو وێرانکاری ناوخۆیی، ئەوکاتە مامۆستا گەوهەر دەیوت:

ژیان ئەوە ناهێنێت مرۆڤ بە هەموو شتێک ڕازی بێت هەر بۆ ئەوەی بتوانێت بمێنێتەوە و بژی. مرۆڤی ترسنۆک بە هەموو سەپاندنەکانی ژیان ڕازییە، بۆیە هەمیشە مێگەل ئاسا لەدواوەیە، ڕازییە بە و ژیانەی کە بۆی سنووردار کراو. مامۆستا سەعید گەوهەر پێیوابوو کە شەڕی کوردو کورد، هێڵی سوورە. هەمیشە دەیوت: ئێمەی کورد ئازار نەماوە کە نەمانچێشتبێت، بۆیە پێویستە نموونەییترین میللەتی سەر زەوی بین. کاتێک دەبینم کە بەهۆی ململانێی نارەوای حزبی و شەڕە پەرۆو خۆپەرستی کەسییەوە، زەمینە خۆش دەکرێت بۆ ئاژاوەگێڕی و شەڕی ناوخۆ. ئێستا من هەست دەکەم هەموو چرکەیەکم مردنێکە. مرۆڤ پێویستە یەک جار بمرێت. ژیان شایەنی ئەوە نییە کە لەپێناویدا هەموو شکۆمەندییەکانی خۆتی بۆ لەدەستبدەیت، بۆیە ئێستا من بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانم دەهێنم.

بڕوانە لاپەڕە 4

# لە یادەوەری مامۆستا سەعید گەوهەری نەمردا

# ئێمە کاتێک حاشا لە کوڕەکانمان دەکەین کە ئەوان تەسلیم بە ئێوە ببنەوە!

## چەند دێڕێک لە ژیاننامەی بنەماڵەی گەوهەر:



خێزانی گەوهەر، یەکێن لە بنەماڵە ناسراو و پاک و دڵسۆزو تێکۆشەرە دێرینەکانی شاری سلێمانی.

مامۆستا گەوهەر خۆی کەسایەتییەکی ناسراو و ڕێزلێگیراوی ناو خەڵکی سلێمانی بوو و هەموو ئەوانەی کە ناسیویانە و تێکەڵی بوون و کاری سیاسەت و کوردایەتییان لەگەڵدا کردووە، بەگشتی ئەوەیان باسکردووە کە سەعید گەوهەر کوردێکی زۆر پاک و دڵسۆزو تێکۆشەر بووە. کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و ڕووخۆش و هاوڕێدۆست و هەژاردۆست و خەمخۆری هەموو ئەوانە بووە کە لێییەوە نزیک بوون و تێکەڵی بوون، بەگشتی مرۆڤێکی خۆنەویست و لەخۆبردوو بووە. هەربۆیە لەناو کەسوکارو دۆست و ناسیاو و هاوڕێ و هاوبیرەکانیدا خۆشەویست و ڕێزلێگیراو و باوەڕپێکراو و جێگەی باوەڕو متمانەی ژیانیان بووە. لە سەردەمی بەعسدا، بەهۆی رابردووی کوردایەتی و پێشمەرگە بوون و پاسۆک بوونی بەرزانی کوڕییەوە، دوو جار ماڵەکەیان لەلایەن بەعسەوە هەڕاجکراوە و سەرەنجام هەموویان بە خاوخێزانەوە دەگرن و ڕەوانەی سەر سنوورەکانی سعودیەیان کردوون. لەکاتی هەوڵی گرتنیاندا خاتوو پەیمانی کچی مامۆستا سەعید گەوهەر کە لە ئامادیی کوردستان خوێندکاری پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووە و لە هۆڵی دوا تاقیکردنەوەی خوێندنی ساڵدا بووە، کە ئەمنەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر هۆڵەکە و دەستگیریان کردووە. لە و کاتەدا مامۆستایەکی ناسراوی شاری سلێمانی سەرپەرشتیاری هۆڵی تاقیکردنەوەکان بووە، ئەو ئاگادارو شاهیدی ڕووداوی گرتنەکەی پەیمان خان بووە. پاشان هەموو خێزانەکەیان پێکەوە راپێچ و ڕەوانەی سەر سنوورەکانی عیراق و سعودیە کردوون.شایانی باسە، لە سەرەتای گرتنەکەیانداو لە ئەمنەکەی سلێمانیدا خوالێخۆشبوو ناهیدە خانی هاوسەری مامۆستا سەعید گەوهەر بە ئەمنەکانی وتووە ئێوە لەسەر پێشمەرگە بوونی بەرزانی کوڕم ئێمەتان گرتووە، بەڵام من کوڕێکی تریشم هەیە و ناوی ئومێدە و لەگەڵ یەکێتیدایە و ئەویش هەر پێشمەرگەیە. ئەمە یەکێک لە وتەکان و هەڵوێستە ئازایانەکانی دایکی دوو پێشمەرگەی کوردستان بووە لەناو زیندانی بەعسییە فاشیستەکاندا!.هەروەها کاتێک دەبرێنە سەر سنووری سعودیە و لەوێ زیندانی دەکرێن، بەرپرسی زیندانەکە بە ناهیدە خان دەڵێت: ئەگەر حاشا لە کوڕەکانت بکەیت، ئازادتان دەکەین! ناهیدە خانیش بە دەنگی بەرز بە بەرپرسەکە دەڵێت: ئێمە کاتێک حاشا لە کوڕەکانمان دەکەین کە ئەوان تەسلیم بە ئێوە ببنەوە!



شایانی باسە، لە سەرەتای گرتنەکەیانداو لە ئەمنەکەی سلێماندا خوالێخۆشبوو ناهیدە خانی هاوسەری مامۆستا سەعید گەوهەر بە ئەمنەکانی وتووە ئێوە لەسەر پێشمەرگە بوونی بەرزانی کوڕم ئێمەتان گرتووە، بەڵام من کوڕێکی تریشم هەیە و ناوی ئومێدە و لەگەڵ یەکێتیدایە و ئەویش هەر پێشمەرگەیە. ئەمە یەکێک لە وتەکان و هەڵوێستە ئازایانەکانی دایکی دوو پێشمەرگەی کوردستان بووە لەناو زیندانی بەعسییە فاشیستەکاندا!.

هەروەها کاتێک دەبرێنە سەر سنووری سعودیە و لەوێ زیندانی دەکرێن، بەرپرسی زیندانەکە بە ناهیدە خان دەڵێت: ئەگەر حاشا لە کوڕەکانت بکەیت، ئازادتان دەکەین! ناهیدە خانیش بە دەنگی بەرز بە بەرپرسەکە دەڵێت: ئێمە کاتێک حاشا لە کوڕەکانمان دەکەین کە ئەوان تەسلیم بە ئێوە ببنەوە!

مامۆستا گەوهەر لە 24-4-1924 لە گەڕەکە یاخییەکەی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایکبووە. لەسەر هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی 22 جار لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقەوە زیندانی کراوە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئە و گلەییە ئاڕاستەی کاربەدەستانی شاری سلێمانی بکەین کە ئێستا دەبووایە سەرەکیترین شەقامەکانی شاری خۆڕاگری سلێمانی بە ناوی نەمران ناهیدە خان و سەعید گەوهەرەوە بوونایە! بەڵام دەبێت بڵێین زۆر بەداخەوە!؟

شایانی بیرهێنانەوەیە، کە دوو هۆنراوەی هۆزانڤانی نەمر شێرکۆ بێکەس بۆ یادەوەری مامۆستا سەعید گەوهەر تەرخان کراوە کە لە شوێنێکیاندا دەڵێت:

چوارچێوە وینە ڕێک دەخات، بەڵام نایگۆڕێت
هیچ کورسییەک پیاوی بستەباڵای پێ کەڵەگەت ناکرێت
مرۆڤی بەژنبەرز لە بنی بیریشدا بێت،
هەر کەڵەگەت و هەر بەژنبەرزە،
ئەوە سەعید گەوهەر بوو
بەشێک لە قەسیدەی (گەوهەری قەقنەس)

ئەمە کورتترین و کەمترین پێناسەی ژیان و خەباتی سەعید گەوهەری نەمرو خێزانەکەی بوو.

هەرزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا سەعید گەوهەرو ناهیدە خانی هاوسەری.

گوڵزارێک لە چەپکە نێرگزی سروشتی جوانی کوردستان، دەکەینە تاجە گوڵینەی ڕێزو پێزانین و ئەمەکداری بۆ سەر گڵکۆی پیرۆزیان.

هاوبیرانی مامۆستا سەعید گەوهەری نەمر لە هەندەران

# چەند بروسکەیەک لە یادی ڕاپەڕیندا

## پێش ڕاپەڕین، خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین

سێ دەقی بروسکەی گرنگ کە چەند ڕۆژێک پێش ڕاپەڕین، لە نێوان کاک نەوشیروان و کاک مەسعودا، کە لە چاوەڕوانی برادەرانی پارتیدا بووین بێن بۆ قاسمەڕەش، بەڵگەیەکی مێژوویی یە کە [ی ن ک] هەموو ئامادەکیەکی بۆ ڕاپەڕین کردووە بە سەرپەرشتی ئەندازیاری ڕاپەرین کاک نەوشیروان مستەفا دەقی بروسکەکان.

بروسکەی یەکەم

لە کاک نەوشیروانەوە

بۆ بەڕێز کاک مەسعود بارزانی ٢-٣-١٩٩١

سڵاوێکی گەرم

زۆرمان پێ خۆشە لە گەڵ هەڤاڵانی ترتەشریف بهێنن بۆ قاسمەڕەش بۆ سەرکردایەتی ئیش و کارەکان و،ئێمە هەموو لە خزمەتدا ئەبین و جێگەو ڕێگیشەمان ئامادە کردووە.

٢-بروسکەی دووەم

لە /کاک مەسعودبارزانی ژمارە ١٩٤

بۆ\بەڕێز کاک نەوشیروانەوە

سڵاوێکی گەرم

بروسکەتان لە ٢-٣ ،زۆر سوپاستان دەکەم،خەریکم خۆم ئامادە دەکەم و هەندێک مشکیلات هەن چارەسەریان دەکەم بە پەلەو لە موعدی حرکەتمان بۆ لاتان ئاگادارتان دەکەم.

بروسکەی ٣

لە /کاک مەسعود بارزانی عد \ ١٩٨

بۆ\بەڕێز کاک نەوشیروانەوە

سڵاوێکی گەرم

ئەگەر بەیانی نە گەیشتمە لاتان بۆ دووبەیانی حەتمەن انشاڵا لە لاتانم،بۆ ئاگاداری و لە موعدی دەقیق ئاگادارتان ئەکەمەوە.

بۆ ئاگاداری خوێنەران سەرچاوەی ئەم بروسکانە هەمووی لە لای کاک نەوشیروان پارێزرابوون وە لە سەر سی دی هەڵگیرابوون ،ماوەیەک لەمەو پێش کاک بەختیار مستەفاو کاک خالید حسێن بە چاپیان گەیاند بە ناوی تۆڕی پەیوەنییەکانی پێشمەرگە لە شاخ.[سندوقەڕەشەکەی پێشمەرگە].





لە ئومێدەوە[شانەڕێکخستنەکان و شانە چەکدارەکان]

بۆ کاک نەوشیروان

سڵاو ٢-٣-١٩٩١

وەزعەکان لای ئێمە چیتر تەئخیر بوون هەڵناگرن داواکارین زۆربە پەلە برادەران بێن بۆ هاوکاریمان.،فریا نەکەون لە بار دەچێت زۆر وەختێتی، ئێمە ئامادەین. وەڵامەکەی لە کاک نەشیروانەوە بۆ کاک عومەرو کاک حامد

١-تکایە زۆر بەپەلە هێزێک بنێرن بۆ ناو سلێمانی چونکە ئەوانی شار ئامادەن و ئەگینا فرسەتەکە لە کیس ئەچێت'
٢ -ئەگەر بکرێت مەفرەزەکانی سلێمانی و مامۆستا جەمال و سەید ئەحمەدو ئەوانەی تر بنێرن.



ئەو بروسکەیە بە تەجفیرکراوی ئێمە نوسیومانە (ئومێد)، ناردوومانە. شوێنی نووسینی بروسکەکە ماڵی هاوڕێی جوانەمەگ کاک حەمە نوری مام ئەحمەد (هاوڕێ موراد)ە، لە گەڕەکی (دورلامن)ی ئەوکات و ئاشتی ئێستە. بروسکەکەمان بە دوریگەی جیاواز ناردبوو یەکێکیان لەڕێی ڕەتڵی گەرمیان، کە شەهید حەمەڕەش فەرماندەی بوو، ئەوی تریان لە ڕێی ڕەتڵی سورداشەوە، کە شەهید غەریب هەڵەدنی فەرماندەی بوو. لەگەڵ گەیشتنی بروسکەکەمان بە کاک نەوشیروان، کە ناوی (مەولود) بوو، یەکسەر فەرمان ئەکات بە کاک مولازم عومەر (سەرپەرشتیاری محوەری سلێمانی) کاک حامید و مامۆستا جەمالی حاجی محەمەد فەرماندەی بەتالیۆنی 7 کە بگەنە لامان. ئەمروونکردنەوەیەم بە پێویست زانی.
کۆمێتی خالید ڕەزا لەسەر ئەو بروسکەیە:

# چەند بروسکەیەک لە یادی ڕاپەڕیندا

لە کاک مەسعود بارزانیەوە ١٥-١-١٩٩١

بۆ بەڕێز کاک نەوشیروان

سلاوێکی گەرم

بۆ دراسەکردنی دوا وەزع و هەماهەنگی بۆ پلانی هاوبەشمان زۆر بە پێویستی ئەزانم بۆ ڕۆژی ١٧-١-١٩٩١ یەکتر ببینین و مەمنون دەبم لە خزمەتتاندا بین.

تکایە وەڵام

بۆ ئاگاداری خوێنەران سەرچاوەی ئەم بروسکانە هەمووی لە لای کاک نەوشیروان پارێزرابوون وە لە سەر سی دی هەڵگیرابوون ،ماوەیەک لەمەو پێش کاک بەختیار مستەفاو کاک خالید حسێن بە چاپیان گەیاند بە ناوی تۆڕی پەیوەنییەکانی پێشمەرگە لە شاخ. [سندوقەڕەشەکەی پێشمەرگە]



## بانگەوازێک

جەماوەری خۆڕاگری گەلی کورد لە کوردستانی عێراق

هاوڵاتی و ڕۆڵە نەبەزەکانی شاروشارۆچکەکان

وڵات پەروەران لە هەموو شوێنێک کە هەن ...

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕو موشەک باران و هێرشە ئاسمانییەکاندا، گەلی عێراق بە عەرەب و کورد و کەمایەتییەکانیەوە دووچاری ترس و سامناکی و ڕاکردن و گیان دەربازکردن هاتووەو ڕۆژ دوای ڕۆژیش مەرگ و خوێن ڕژان و قات و قڕی باڵ بە سەر وڵاتدا دەکێشێ و لێشاوی هاووڵاتیانی برا عەرەبەکانمان لە ناوەڕاست و خواروی عێراق بەرەو کوردستانی کاولکراو و خاپور سەریهەڵداوە، بەتایبەت بۆ شاروشارۆچکەکانی بەو نیازەی کە گیانی خۆیان و ماڵ و منالان و ساواکانیان لە بەین بردن بپارێزن.

بێگومان هیچ گەل و وڵاتێک بەقەد گەلی کورد و کوردستان ئاوارەیی و دەربەدەری و چەوساندنەوەو وێرانکاری بەخۆوە نەبینیوە، هەر ئێوەش زێدەتر تامی ئەو جۆرە ژین و ژینداریەتان بەگشت شێوازێکەوە چێشتووەو هەردەمیش خۆڕاگرو ورەبەرز و قارەمانانەتر لەپێناو مافە ڕەواکانتان سوورتر بوون، جا لە ڕوانگەی هەست بە لێپرسینەوە لەئاست برایەتی کوردو عەرەب و چەسپاندن و سەلماندنی ئەو ڕاستیە دێرینە و لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە بەناوی بەرەی کوردستانی عێراق و بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان.

داواکارین بەوپەڕی هێزو تواناو لە خۆربوردنەوە باوەشی گەرمی برایانەو یەکێتی و هاوکاری و هاووڵاتیانەیان بۆ بکەنەوەو سەلامەتی و ئاسایشی گیانیان بپارێزن لەگشت جۆرە دەست درێژییەک بەگریان لێبکەن و بە سیفەتەکانی مرۆڤدۆستانە ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن، گشت پێداویستی و داخوازییەکانی ژیان و حەوانەوەو ڕێزگرتنیان بۆ دابین بکەن وەک بەرزترین نمونەی نوێنەرایەتی کردن لە ئارەزووی گەلەکەمان بۆ ئاشتی و هاوژینی و هاودەردی و ڕێنماییان بکەن و هەموو شێوازێکی پاراستنی شەرەفمەندانەی ژیانیان بۆ ساز بدەن. سەرەڕای دەست کورتی و نەبوونی و کەمی و ئابلۆقەدانی ئابوری بەسەر کوردستاندا، دابین کردنی داوودەرمان و شیرو خواردەمەنی بەتایبەت بۆ منال و ساوایان و ئافرەتان لە ئەستۆی خۆتان بگرن. بەم هەڵوێستە پڕ لە مرۆڤایەتییە، ڕووی ڕاستەقینەی یەکگرتوویی لەنێوان بزوتنەوە ڕزگاری خوازەکەی گەلی کوردو بزوتنەوەی نیشتمانی عێراق دەخەنە بەردەم ڕای گشتی ناوچەو جیهان.

سەرکەوتن و سەرفرازی هەردەم بۆ گەلی عێراقە بە عەرەب و کوردو کەمایەتییەکانیەوە

بەرەی کوردستانی عێراق 1991/01/28

بۆ ئاگاداری خوێنەران سەرچاوەی ئەم بروسکانە هەمووی لە لای کاک نەوشیروان پارێزرابوون وە لە سەر سی دی هەڵگیرابوون ،ماوەیەک لەمەو پێش کاک بەختیار مستەفاو کاک خالید حسێن بە چاپیان گەیاند، بە ناوی تۆڕی پەیوەنییەکانی پێشمەرگە لەشاخ. [سندوقەڕەشەکەی پێشمەرگە]



# چەند بروسکەیەک لە یادی ڕاپەڕیندا

دوو بروسکەی مێژوویی زۆر گرنگ و گەیشتنی کاک مەسعود

ڕۆژی ٦-٣-١٩٩١ بۆ قاسمەڕەش

لە کاک عومەر عەبدوڵا ٦-٣-١٩٩١

بۆ کاک نەوشیروان

سڵاو

١-بەیانی سەعات ٦ هەموو دەپەڕینەوە بەرەو سلێمانی بەڕێ دەکەوین.

٢-هەر ئەمشەو جوابمان ناردووە بۆ برادەرانی پارتی ،کە ئەمشەو یان سبەینێ زۆر زوو بێن.

٣-گەڕانەوەی خۆمان و هێزەکەمان بۆ وواڵت سەرکەوتن و سەربەرزیەکی گەورەیە لە ژیانی دەربەدەری ڕزگار دەبین.

٤-ئومێدی هەرەگەورەم ئەوەیە زۆر بە ووردی مراقبەی ئەحداس بکەن بڕوام بە لێکدانەوەو عەقڵی بەڕێزت و برادەران زۆرە بە سەعات ڕووداوەکان دەگۆڕێت گرنگ ئەوەیە بەرژەوەندی میللەتی کوردو ئایندەی هەموو کات و ساتێک لە بەرچاومان دەبێت وەهەر بیرمان لای ئەوە دەبێت و چی تر.

وەڵامەکەی لە کاک نەوشیروانەوە

بۆ کاک عومەر عەبدوڵا

١- کاک مەسعود گەیشتە لامان.

٢-لە ناوەوە جێگە پێمان هەبێ هەموو دەرگاکانمان بۆ ئەکرێتەوە.

٣-دڵنیابە لە هەمو دەرگاکان ئەدەین و ئومێدەوارم هیچ فرسەتێکمان لە کیس نەچێ.

٤-شانە چەکدارەکانی شار چاوەڕوانی هێزەکەن و ئامادەن بۆ کار.

بۆ ئاگاداری خوێنەران سەرچاوەی ئەم بروسکانە هەمووی لە لای کاک نەوشیروان پارێزرابوون وە لە سەر سی دی هەڵگیرابوون ،ماوەیەک لەمەو پێش کاک بەختیار مستەفاو کاک خالید حسێن بە چاپیان گەیاند بە ناوی تۆڕی پەیوەنییەکانی پێشمەرگە لە شاخ.[سندوقەڕەشەکەی پێشمەرگە]





ئە م نەخشە یە ساڵی 1990 نوسراوە تەوە لە دوای کۆبوونەوەی (م.س) ی.ن.ک بەجێبەجێکردنی........سوپاس بۆ کاک بەختیار.



## نەخشەیەکی تایبەت بە راپەرین

٧

بەر لەوەی هێزەکانی یەکێتی پەلاماری شارو شارۆچکەکان بدەن، (ی.ن.ک) بەرنامەیەکی وردی بۆ ئەو پەلامارو هێرشانە دارشت، تا لەکاتی پێویستدا زەمینەیەکی لەبار بۆ پەلاماردانی بنکەو بارەگاکانی حیزبی بەعس لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئەنجام بدرێتو هێزەکەی یەکێتیش بەسەر چوار میحوەردا دابەشکرد. هێزەکەی بەتالیۆنی حەوتو سەرجەم هێزی پارتیزانەکانی شارباژێر بەر میحوەری (٣) سێ کەوتن، کە من لێرەدا نەخشەی ئەو میحوەرە دەخەمە روو کە تایبەت بوو بەهێزی بەتالیۆنو پارتیزانەکانی شارباژێر، کە نەخشەکەش بەم شێوەیە بوو:بەتالیۆنی -٧- میحوەری سێ

١- قادسیە: ک١ و ک٢ تیپی ٧٣+ف ت زرار+ ج ت جەمال +کاک رۆستەم + فەهمی «معلومات»

أ- منەزەمە: زرار سعودن. (دواتر شەهید بوو)

ب- امن: جەمال حسینی (جەمال ئەبو شوارب)

ج- ئیستخبارات: فهمی +رۆستەم قولەوەیسی

د- م. خاصە: جەمال چاوشین. (جەمال هۆندەرێنەی)

ه- ج.ش: شەماڵ علی (باپیر)

٢- تاسلوجە: بارەگای بەتالیۆن + ک١ ت٧٢ + ک٢ ت٧١ + ملا خالد + عزیز + شێخ ستار.

أ- منەزەمە: ئازاد وەندەرێنەیی

ب- ئەمن: خالد کرژەیی.

ج- م. خاصە: عزیز حاجی سەعید.

د- معمل تاسلوجە: ملا خالد + شێخ ستار.

ه- ج.ش: دلاوەر قادر

و- ئیستخبارات: مامۆستا علی + خاڵە سەراوی

٣- ئەڵلایی: ئازاد ج بەتالیۆن + ک٣ ت ٧٣ +فریق + کامران «معلومات»

أ- منەزەمە: ئازاد صابر.

ب- ئەمن: عوسمان فریق احمد محمد

د- ئیستخبارات:

ه- مفرزە خاصە: رزگار کەمال.

٤-(أ) ئەینال: ئەنوەر دۆڵانی+ سەرکەوت



(کویە) + کامل نوری + جەمال حاج مامەندی.

١- منەزەمە + ئیستخبارات : ئەنوەر

٢- ئەمن + ج ش : کامل نوری.

٣- م. خاصە: رزگار محمد.

(ب) مجمع ئەینال

١- منەزەمە + امن: سەرکەوت (کویە)

٢- م. خاصە + ج.ش: وەستا غفور

(ج) بیبجەک

١- منەزەمە + امن: سالار تیپی ٥٧

٢- ج. ش + م. خاصە: جەمال حاج مامەندی

٥- بازیان (١) (٢) : ک٢ ک٣ ت ٧٢ + ف. ت ملازم محمود + ج. ت دلاوەر+ ناصر «معلومات»

أ- بازیان (١)

١- منەزەمە + امن : ملازم محمود (دواتر شەهید بوو)

٢- ج. ش : رحیم باوەزێیی.

٣- ئیستخبارات : ناصر عزیز

٤- م. خاصە: حاجی نوری (دواتر شەهید بوو)

(ب) بازیان ن(٢)

١- منەزەمە + امن: دلاوەر عوسمان (پێنجوینی)

٢- ج. ش +م. خاصە: بەختیار اسماعیل.

٣- ئیستخبارات : عبدول مجید (هەڵەدنی)

٦- باینجان : ک٣ ت٧١ + ف.ت سید احمد + عبداللە وسو + سامان.

١- منەزەمە: سید احمد

٢- ئەمن: حاجی سەراوی

٣- ج.ش: عبداللە وسو

٤- ئیستخبارات: سامان محمد رحیم

٥- م. خاصە: سەردار سعید

٧- گۆپاڵە: شێخ کامل ر.س بەتالیۆن + ک١ ت٧١ + ج.ت وەستا فاروق

١- ئیستخبارات: شێخ کامل

٢- ئەمن: نامق عبداللە (نۆرکی)

٣- منەزەمە + م. خاصە: وەستا فاروق + مامۆستا رزگار (دواتر شەهید بوو)

٤- ج. ش : گۆران بایز

لیژنەی ئیداری مالی «کاک دلاوەر قادر محمد» سەرپەرشتی دەکات

١- قادسیە: عباس (گومرگ)

٢- تاسلوجە: مامۆستا علی - سۆفی

٣- ئەڵلایی: مامۆستا کامەران مەلا حەسەن

٤- ئەینال: سالار

٥- بازیان: ناصر عزیز

٦- باینجان: سامان محمد رحیم

٧- گۆپاڵە: مامۆستا رزگار.

# بروسکەی...لەزمناکۆوە بۆ ئازاد 1760، برادەران ئاگادار بکەرەوە حەوتی مانگ زەماوەند بکەن..!

## چۆن نوسراو کێ نوسی و مەبەست لەچی بوو؟

## ئامادەکردنی کاوان ئەحمەد حمەصاڵح هەڵەبجەی



خالید رەزا پێشمەرگەی دێرین، خاوەنی بیرۆکەی جفرەی (لەزمناکۆوە بۆ ئازاد.... برادەران ئاگادار بکە 7ی مانگ زەماوەند بکەن) کە هاوکات سەرپەرشتیاری شانە چەکدارەکانی شاڵاو بوو لە ناو شاری سلێمانی، بەشێک لە نهێنی نەخشەی راپەرین باس دەکات، بەPUKmedia ی راگەیاند: کاتێک سەدام و بەعس لە 2 ئابی 1990دا، وڵاتی کوەیتی داگیرکرد، بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قاسمە رەش بوو. لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵەکە، سەر لەبەیانی هەمان رۆژ کاک نەوشیروان ئەو نەخشە سەربازیانەی کە لەکاتی ئەنفالەکاندا گیرابوو، لەژورەکەی خۆی دانابوو، سەیری دەکردن، وەک بڵێی ئەمە دەرفەتە زێرینەکەی کوردەو، دەبێت کارێک بکەین .

خالید رەزا دەشڵێت:داگیرکردنی کوەیت سەرەتای نەخشە رێژی بوو بۆ راپەڕینە مەزنەکەو لە قاسمە رەشەوە رەنگ رێژ دەکرا، پێش روداوی داگیرکردنی کوەیت و، دوای ئەنفالەکان دیسان لە قاسمە رەشەوە، لەلای سکرتێری کۆمەڵەوە، پایە ستراتیژییەکانی خەبات داڕێژرانەوە. ئێرە شوێنی رونکردنەوەی وردەکارییەکان نیە، ئەگینا هێندە دۆکیۆمێنتم لەبەردەستە کە بەشی نامیلکەیەکی قەبارە گەورە دەکات، هەروەها دەڵێت: بەندە نوسەری ئەم چەند دێڕەم لەسەر داوای رێکخراوی سلێمانی و، بە بڕیاری سکرتێرو ناوەندی کۆمەڵە، لە گەرمەی ئەم روداوانەدا، دەبوو بگەمە سلێمانی. رۆژێک کاک نەوشیروان، شەهید غەریب هەڵەدنی بانگ کرد بۆ سەرکردایەتی، داوای لێکرد، منیش لەگەڵ خۆیان بەرن بۆ رەتڵی سورداش و، لەوێوە چاوساغیم بکەن تا دەگەمەوە ناو شار، هەر ئەورۆژە شەهید غەریب هەڵەدنی هات و پێیوتم کە لەم هەفتەیەدا خۆت ئامادە بکە، کە هاتمەوە بەشوێنتدا یەکسەر دەڕۆین، رۆژی 21–9–1990 شەهید غەریب هەڵەدنی و کاک عوسمان گێچینەیی هاتن و، وتیان بابڕۆین... لەوێ خوا حافیزیم لەهاوڕێکانم کرد، بەڵام پێم نەوتن کە دەچمەوە بۆ ناوشار وتم دەچم بۆ رەتڵی سورداش... یادی بەخێر کاک غەریب سەعید بەپێکەنینەوە پێی وتم، ئاگات لەخۆت بێت لوغمێکت پیا نەتەقێتەوە، مەگەر لەو چۆڵەوانیەدا قاچی (بزن)ێکت بۆ دابنێین."ئەوەشی وت: گەیشتینە شوێنی مانەوەی پارتیزانەکانی چیای پیرەمەگرون، شەهید غەریب هەڵەدنی چەند فیشەکێکی تەقاند، وتی ئێستا برادەران دێن بەپیرمانەوە، ئەوە بوو کاک ئاکۆ سوورو، کاک خالیدی کاروباری کۆمەڵایەتی و برادەرێکی تر هاتن، کە پێکگەیشتین. ماوەیەک لەگەڵیاندا بوم هەتا، پەیوەندییەکانم لەگەڵ رێکخراوی سلێمانی دروستکرد.

سەرپەرشتیاری شانە چەکدارەکانی شاڵاو، باس لەگەڕانەوەی بۆ سلێمانی دەکات و دەڵێت: شەوی 5 لەسەر 6 ی مانگی 10ی ساڵی 1990 ، شەهید غەریب هەڵەدنی و، هاوڕێی ئاکۆ سوور کەرکوکی گەیاندمیانە ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون بۆ ماڵی هاوڕێی کۆمەڵە مام رەسوڵ، ئەوان گەڕانەوە بۆ پیرەمەگرون، منیش بەچاوساغی مام رەسوڵی تیکۆشەر بەجێبێک بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتم. گەیشتمە سلێمانی دنیا روناک بوو، بۆیە بەناچاری چوم بۆماڵی پورم بۆ ئەوەی کاک ئاکۆ محەمەد وەهبی ببینم. لەدەرگامدا ماڵی پورم وتیان ئەوە چۆنە هاتویتەوە، منیش بۆ ئەوەی ئاساییان بکەمەوە، وتم مەفرەزەیەکین هاتوینەتە ناوشار، رۆژمان لێ بۆتەوەو، نەماتوانی دەرچین بۆیە چەکەکانمان شاردۆتەوەو، ئەم شەو یەک دەگرینەوەو، دەگەڕێینەوە. من دەم ویست کاک ئاکۆ ببینم، چونکە کاک ئاکۆ لەدوای گرتنی هاوڕێ جەباری حاجی رەشیدو هاوڕێکانی، ئەم سەرپەرشتی رێکخراوی سلێمانی و کوردستانی دەکرد، وتیان ئاکۆ لەماڵەوە ناخەوێ لە خۆی دەترسێ، بەناچاری تا ئێوارە لەماڵی پورم واتە ماڵی باوکی کاک ئاکۆ وەهبی چاوەڕێم کرد، تا شەوهات و، پێکەوە رۆشتین و، بردمی تەسلیمی هاوڕێ موردای کردم لەماڵی خۆیان، بەندە بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگ بەئیختفا لەناوشار مامەوەو، لەگەڵ هاوڕێکانم لە رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەو، بەهەماهەنگی لەگەڵ رەتڵی پارتیزانەکان، ئامادەکاریمان بۆ راپەڕین کرد، شەرەفی راپەراندن و سەرپەرشتیکردنی شانە چەکدارەکانی شاڵاو، رێکخستم پێسپێردرا.

سەبارەت بەو بروسکەیەی کە دەڵێت بروسکەی لە زمناکۆوە بۆ ئازاد 1760 ، برادەران ئاگاداربکەرەوە 7 مانگ زەماوەند بکەن، خالید رەزا وتی: ئەوە لە ماڵی کاک حەمە نوری مام ئەحمەد ناسراو بەهاوڕێ موراد ئەندامی رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە لەگەڕەکی دور ئەمنی ئەوکات و ئاشتی نوسیم، مەبەست لە شەخسێکی دیرایکراو نیە، بەڵکە وەک رەمزێک بوو بۆ دیاریکردنی رۆژەکە کە پێش ئەوە لەماوەی ئەو 6 مانگەدا نزیک بە 100 تعمیم (پەخشنامە) بۆ رێکخستنەکان و شانە چەکدارەکان نوسیبوو، لەهەموو یاندا سەرنجمان بۆ ئەوە راکێشابون، کە دەبێ بەردەوام متابەعەی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بکەن بۆ فەرمان وەرگرتن، ئێمەش لەڕێی هەردوو رەتڵی پارتیزانەکانی گەرمیان کە ئەوکات شەهید حەمەرەش بەرپرسیان بوو، لەگەڵ رەتڵی سورداش کە شەهید غەریب هەڵەدنی فەرماندەی رەتڵ بوو، پەیوەندی بەردەوامان هەم بە ناوەندی کۆمەڵە بەتایبەت کاک نەوشیروان مستەفاو رادیۆوە هەبوو بروسکەو بانگەوازەکانمان بۆ رادیۆ دەنارد .

خالید رەزا پێشمەرگەی دێرین راشیگەیاند:–بەتەنها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەمە دەمی راپەریندا رادیۆی هەبوو، رادیۆیەکی جێگیر لەسەر شەپۆلی 75 لەسەقز ئەوتریان گەرۆک بو لەلای کاک نەوشیروان بو لە زەلێ و قاسمەرەش.

لەرۆژی هاتنە ناوشار هەتا 1991/3/7 رۆژی راپەڕینی سلێمانی، لەماڵی هاوڕێی هەمیشە لەیادو جوانەمەرگ کاک حەمە نوری مام ئەحمەد (هاوری موراد) لەگەڕەکی (دور الامن) مامەوە ، کە هاورێ موراد ئەندامی رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە و سەرپەرشتیاری سوپای رزگاری کوردستان (سرک) بوو.

# دڵسۆزی و وەفاداری دایکێک

## مامۆستا عوسمان عومەر

ئەم چیرۆکە لە ئەدەبی وڵاتانی خۆرئاوای ئاسیایە، بەڵام بەداخەوە ناوی نوسەرەکەی لەسەرنەبوو، لەیەکێک لە پێگە ئەلیکترۆنیەکان بەناوی wata.cc وەرمگرت و زۆرم بەلاوە جوان بوو، بۆیە وەرمگێرایە سەر زمانی کوردی.

جاران لە وڵاتی خۆمان منداڵ زۆر ڕێزی لەدایک و باوکی خۆی ،لەگەورە دەگرت، بەڵام ئیستا سەردەم گۆڕاوە بەهۆی کۆمەڵێک تەکنۆلۆژیا چاویان کراوەتەوە و لاسایی کویرانەی کەلتور و رەفتاری هەندێ وڵاتان وگەلان دەکەنەوە و دەتوانم بڵێم زۆر پابەندی نییە بەدایک و باوکەوە.

زۆر چیرۆکی لابەلا دەبیستین کە دایک باوک پیربون کورەکەی یا کچەکەی بەخیویان نەکردووەو ناردویانەتە خانەی بەسالاچوان, جاران کە خێزان باوکەکەی لەدەست دەدا دایکەکە شوی نەدەکردەوە و لەسەر منالەکانی دادەنیشت بە هەر کوێرەوریەک بوایە منالەکانی پێدەگەیاند ولەبەریان دەحەسایەوە, نمونەی ئەو جۆرە شێرە ژنانە زۆرن لە زۆربەی شارەکانی کوردستان , دەتوانم بڵێم لەم سەردەمە دەگمەن بونە ئەو جۆرە ژنانە .....

My Mother Only Have One Eyeچیرۆکەکە لێرەوە دەست پێدەکات

...

دایکم تەنها یەک چاوی هەبوو , زۆرم رق لێی دەبۆوە, چونکە مایەی شەرمەزاری بوو بۆمن , دایکم لە یەکێک لە قوتابخانەکان خواردنی ئامادە دەکرد بۆ خوێندکارو مامۆستاکان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانمان , رۆژێکیان ئەوکاتە من لە قۆناغی سەرەتایی بووم , وەک نەریتێکی سالانە دەیانارد بە شوێن باوکان و دایکان بۆ کۆبونەوە کاتێ بانگیان کردم و دایکم سلاوی لێکردم هەستم بەپەستی ودڵتەنگی کرد , زۆر بەچاوێکی رقاویەوە لێم دەروانی, هەستم بە سۆزی نەدەکرد... بۆ رۆژی دواتر یەکێک لەخوێندکاران پێی گوتم ئەوە دایکت یەک چاوی هەیە,هههههە, رۆژێکی تر پێی گوتم تۆ بۆچی نامریت کە دایکت یەک چاوێکی هەیە, منیش نەمدەزانی چی وەڵام بدەمەوەو چی پێ بلێم, لەناخمدا زۆر هەستم بەبێزاری و تورەیی دەکرد , زۆرئازاری دەرونیم دەچەشت , لەناخم دا بریارم دابوو ئەو قوتابخایە جێ بهێڵم یا هەر واز لە خویندن بهێنم و سەری خۆم هەڵگرم ...هێشتا تەمەنێکی واشم نەبوو, هەر لەناخی خۆم دا بریارم دابوو زۆر بەجدیەت خۆم ماندو بکەم و بخوێنم بە زیرەکی خۆم تۆلە لەو خوێنکارە بکەمەوە , چەند جاریک لەگەل ئەو خوێنکارە ببو بەشەڕمان

....

قۆناغەکانی خوێندنم زۆر بەباشی بڕی تا گەیشتمە کۆلێژ لە پایتەختی وولاتی سەنگافورە خوێندنم تەواوکرد و هەر لەوێش ژیانی هاوسەریم پێک هێناو بومە خاوەن خانوی خۆم و منالیشمان بوو, زۆر دلخۆش بووم لە گەڵ هاوسەرو منالەکانم, زۆرجار منالەکان پرسیاری دایکم و باوکمیان لێدەکردم, من هەموو کات پێم دەوتن نەماون و مردون, دایکمیان هەر نەدیبوو, لەورۆژەوەی هاتمە پایتەخت منیش دایکمم نەدیبوو..

رۆژێک لە رۆژان نازانم چۆن دایکم ناونیشانی منی دۆزیبۆوە لە دەرگای مالەکەمانی دابوو , کاتێ زانیم لەبەردەرگا وەستاوە, منالەکان پێی پێدەکەنین, لێی تورە بووم وپێم ووت بۆچی هاتوی بۆ ئێرە؟

برۆ منالەکان دەترسێن, هەرئیستا برۆ, ئەویش بەهێمنی وەڵامی دایەوەو گوتی ببورە هەڵەی من بوو ,ناونیشانەکەم بە هەڵە وەرگرتبوو.



کارەکەم سەرپەرشتیاری قوتابخانەکان بوو, رۆژێکیان ئاگاداریان کردم کە ئەبێ بچم بۆ شارێک, شارەکەش ئەوەی خۆمان بوو, هەمان قوتابخانەش بۆ کۆکردنەوی خێزانی لم الشمل ,(for family reunion بەمنالەکانم ووت سەفەریکم هەیە بۆ چەند رۆژێک ,درۆشم لەگەل هاوسەرم کە پێم گوتبو بۆکارێک دەرۆم , ئاگای لەمنالەکان بێت ..ئیشەکەم تەواو کرد هەربۆخۆشی سەردانی گەرەکەومالەکۆنەکەمانم کرد , دراوسێکان پێیان ڕاگەیاندم دایکت مردووە, منیش یەک دلۆپ فرمێسک لە چاوم نەهاتە خوارێ بۆی, نامەیەکیان دایە دەستم کە دایکم بۆی نوسیبوم , تێیدا نوسرابوو...

کوڕی خۆشەویستم

بەدرێژایی ژیانم بیرم هەر لای تۆبوە , ببورە کە هاتم بۆ پایتەخت و مالەکەتانم دۆزیەوە و بومە مایەی ترساندنی منالەکانت, زۆر دلخۆش بوم کە زانیم پلەپایەیەکی باشت هەیە, ئەو رۆژەش کە لەزانکۆ دەرچویت نەخۆش بوم , لەسەر جێگا کەوتبوم , نەمتوانی بێم بۆ بینینی تۆ کاتێ بڕوانامەکەت دەدەنە دەست, نەمویست ببمە مایەی ئیحراجی بۆ تۆ چونکە چەند جارێک بومەتە مایەی ئیحراجی لە ژیانتا ...ئەو ڕاستیەشت پێ دەلێم, کاتێ تۆ منالٚ بویت توشی کارەساتێکی ئۆتۆمبیل هاتین باوکت گیانی لەدەست دا و تۆش خەریک بوو چاوێکت لەدەست بدەیت , کام دایکە دەتوانێت منالەکەی گەورە بکات بە تەنها چاوێکەوە بەو هۆکارە من چاوێکی خۆم بەخشی بە تۆ, من زۆر دلخۆشم و جێگای سەربەرزیە منالٚەکەم دەتوانێت سەیری دونیا بکات بە چاوەکانی من...

خۆشەویستیم بۆت هەیە

دایکت

# ڕۆژژمێری ڕاپەڕین



لە هەوڵێکدا بۆ کۆکردنەوە و ئەرشیفکردن و بەدۆکیۆمێنتکردنی ڕۆژانی ڕاپەرینی بەهاری ساڵی 1991، (ئازاد سەراوی) ڕۆژنامەنووس، لەدووتوێی (902) لاپەڕەدا "ڕۆژژمێری ڕاپەرین"ی ئامادەکردووە و بڕیارە بەم نزیکانە لەلایەن (چاپخانەی کارۆ)وە چاپ بکرێت.

لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەیەوە، (ئازاد سەراوی) بەماڵپەڕی (گەلی کوردستان)ی ڕاگەیاند: ڕۆژژمێری ڕاپەڕین کتێبێکی مێژووییە لە سەر ڕۆڵی (ی، ن، ک) لەڕاپەڕین، ئامادەکارییەکان بۆ ڕاپەڕین، ڕۆژژمێری ڕاپەڕین و لە 15 بەشی سەرەکی پێکهاتووە.

سەبارەت بەناونیشان و تایتڵی سەرەکی بەشەکانیش، (ئازاد سەراوی) وتی: بەشەکان تایبەتن بە (8 قۆناغەکەی ئەنفال و بەرگری هێزی پێشمەرگە لە ئەنفالەکاندا، دروستکردنی سووپای ڕزگاری کوردستان لە دوای ئەنفال، ڕێکخراوی سلێمانی، مەفرەزە پارتیزانەکانی کوردستان، مەفرەزەکانی شارباژێڕی تەخت و سەخت، مەفرەزەکانی قەرەداغ، مەفرەزەکانی گەرمیان، مەفرەزەکانی کەرکوک، خاڵخالان، مەفرەزەکانی کاروخ، باڵەکایەتی، هەریر، سۆران، خۆشناوەتی، مەفرەزەکانی پیرەمەگرون، ڕستی سووورداش، مەفرەزەکانی دەشتی هەولێر، ڕۆژهەڵاتی هەولێر، قەرەچووخ، مەفرەزەی پارتیزانی کۆیە، شەقڵاوە، مەفرەزەکانی بادینان، ڕێکخراوی بادینان، ڕێکخراوی هەولێر، سەفەری مام جەلال و جەولە دیبلۆماسەکانی بۆ ڕاپەڕین و گەڕانەوەی بۆ کوردستان و پێشکەشکردنی وتارێکی مێژوویی لە زاخۆ بە بۆنەی ڕاپەڕین، شانە چەکدارەکان، ڕێکخستنەکانی ڕانیە، چوار قوڕنە، بازیان، ڕاپەڕینی تێکڕای شاروو شارۆچکەکانی کوردستان، ڕانیە، چوارقوڕنە، بازیان، سلێمانی، دووکان، حەوزی شارەزور، چەمچەماڵ، کۆیە شەقڵاوە، هەولێر، بادینان، زاخۆ، ئاکرێ، دهۆک، کەرکوک.

(ئازاد سەراوی) وتیشی: لەگەڵ کتێبەکەدا، سیدییەکی 15 سەعاتی ئامادەکراوە کەتایبەتە بەڕۆژانی راپەرین.

# داستانی دابان .....هەلاج ...چەرماوەند



عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

سەعات 2 ی شەوی 15 / 2 / 1985 بەفر سەراپا زنجیرە چیاکان و..... سروشتی گرتبوو، دنیا زۆر سارد بوو ، چەند پلەیەک لە ژێر سفرا بوو ، هیزی پێشمەرگە ی تیپەکانی مەڵبەندی دوو و یەک بە سەپەرشی ملازم عومەر و قادری حاجی عەلی، لە سەرگەڵو و هەڵەدن بەرەو شوێنی دیاری کراو سەرکەوتن، کە ماوەیەک لەو بەر نەخشەی شەڕەکەیان بە پێی شوێنی بەرزایی رەبایەکان ... ..سریەکان بارەگای فەوجەکە و جوغرافیای شوێنەکە و توانای سەرکەوتنی پێشمەرگەو بەرگری دوژمنیان دیاری کرد بوو .لە سەعات 4–ی سفردا لە هەموو قۆڵەکانە وە . هێرشیان کرد، توانیان 17 رەبایەو 3 سریە لە دابان ،هەلاج ، چە رماوەند بگرن .. دواتر لەو بەرزای دابانەوە بەرەو خوارەوە هەڵمەتیان بۆ بارەگای فەوجی شەدەڵە بردو گرتیان هێزێکی سەربازی سوپای عێراق لە دوکان و سلێمانی یەوە بەرەو ئەو سنووورە کشان ، هێزی پێشمەرگە لە سابوراوا و حاجی تان رووبەروویان بونەوە و نەیان هێشت بێنە پێشەوەو زیان بەو پێشمەرگانە بگات کە لە دابان هاتبونە خوارەوە بۆ شەدەڵەو هۆمەرقەوم دواتر پێشمەرگەکان لە شەدەڵە گەڕانەوە بۆ سەگەڵو و هەڵەدن، دۆشکەکەی عومەر پاڵەوان لە سەردابان رۆڵی سەرەکی و گرنگی بینی بواری نەدا هیزەکانی سوپا بێنە پێشەوە و کۆپتەرەکان زیان بە پێشمەرگە بگەیین لە کاتی کشانەوە لەلاپاڵی دابان ، عومەر پاڵەوان بە جۆرێک هەڵسوکەوتی لە گەڵ ئەو دۆشکەدا کرد ، لە کاتی دەسرێژدا ، پەردەی گوێی بریندار بوو ،خوینی پیا هاتە خوارەوە. لەم داستانەدا 540سەربازو ئەفسەرو جیش شەعبی کوژران198سەربازو ئەفسەرو جیش شەعبی بەدیل گیران پێشمەرگە کان دەستیان بەسەر چەکی قورس و سوک و کەرەسەی جیا جیای سەربازی دا گرت 18. پێشمەرگەی شەهیدکران یەکێک لەو پێشمەرگانە ی شەهید کرابووخەڵکی گەرمیان بوو ، دوو برا بوون بەیەکەوە هاتبوون بۆ شەڕەکە دەبوایە ئەمجارەیان برایەکیان تەرمی براکەی لە هەڵەدنەوە بگەڕێنێتەوە بۆ گەرمیان. پێشمەرگەیەکی تر ناوی وەستا محەمەد بوو، لە رەبایەیەکی پشتی هەڵەدن، لەکاتی هەڵمەتی گرتنی رەبایەکەدا ،چەند هەنگاوێکی مابوو، بگاتە ناو رەبایەکە ...پێکراو، دواهەناسەی سپارد، لە مزگەوتی هەڵەدن، کە جلەکانیان لە بەرداکەند، بۆئەوەی کفنی بە بە باڵای بپۆشن، دەستیان کرد بە گیرفانیا... وێنەی دەسگیرانەکەی تیا بوو.......؟

# تۆ بڵێی سوپاکەی ئیردۆغان بەدەردی سوپاکەی سەدام نەچێ؟



عوسمان عومەر

دوای ئەوەی سەدام گوێی بە هوشداری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەداو لەپر هێرشی کردە سەر وولاتی کوەیت کە خاوەنی سەربەخۆیی خۆی بوو, نوێنەری لەنەتەوەیەکگرتوەکان هەبوو داگیری کردو کرایە پارێزگای نۆزدەهەمی عیراق, سەدام سوپاکەی رووبەروی بەرەنگاریەکی نێودەولەتی بۆوە, چەندین جار لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان وئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی پێی راگەیاندرا کە بکشینەوە, بەلام لاساری سەدام بەردەوام بوو تا ٣٣ دەولەتی هاوپەیمان لەگەردەلولی بیابان سوپاکەی تارومارو کراو ئامێری سەربازی داگیرکاری زۆربەی لەناوچوو,لەخەیمەکەی صەفوانیش چۆکیان دادا. ئیردۆغانیش هاوشێوەی سەدام توشی جنون عەزەمەو لەخۆبایی بون بۆتەوە بەهۆی سوپاو کەرستە زۆر وزەوەندی ناتۆ خستویەتە بەردەستی, سوپای تورک سنوری خاکی سوریای خاوەن سەربەخۆیی بەزاندوە بە بیانوی جەنگی دژە تیرۆرەوە بەلام لەراستی دا بۆ پاکتاوکردن و لەناوبردنی کوردو ئەو دەسەلاتە خۆجێیەی فەراهەمی کردبوو بۆ ئەو کوردانەی چەندین سالە رژێمی سوریای ئەسەد مافە رەواکانی پێشێلکردون تەنانەت ناسنامەش .بەرزاندنی سنوری سوریا بۆ پشتیوانی گروپە نەیارەکانی ئەسەدو گروپە توندرەوەکان و هەیمەنەی ئیقلیمی و گێرانەوەی سەلتەنەتی عوسمانلی بۆ ئەو ناوچەیە. مانگی شوباتی ٢٠٢٠ سوپای سوریا لە ئیدلب ١٣ سەربازی تورکیان کردە چکلێتی سپی و خرانە سندوقەوەو نێردرانەوە ئەنەکەرە بۆ کەس وکاریان, مانگی شوبات مانگێکی خوێناوی بۆ سوپای داگیرکەری تورک کە خاوەنی پلەی دووەمە وەک هێزی ناتۆ دوای سوپای ئەمریکا. کەمتر لە چوارساڵ کاریگەری ئێردوغان بەسەر سوپاکەیەوە دەرکەوتوە, وەک ئامێرێک دوای کۆدیتا سەرنەکوتوەکەی سالی ٢٠١٦, سوپای تورک بەهێزترین سوپای ناوچەکە بوو بە پلەی نۆیەم, ئەم سوپایە بەرەبەرە بەرەو لاوازی وبێهێزی دەچێت بەپێی سەرچاوە سەربازیەکانی ناتۆ دوای ئەو پاکتاوەی ئیردۆغان لە سوپاکەی ئەنجامی دا, ناتۆش ترسی هەبوو لەرێکخستنەوەی ئەو سوپایە چ لە رووی ژمارە چ لەروی ئامێری جەنگیەوە تا بتوانرێ کۆنترۆل بکرێ. ئیردۆغان ئەوسوپایەی وەک ئامێرێک بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی ڕەها و درێژە دان بە چاوچنۆکیەکانی. دوای کۆدیتاکە لەرووی ژمارەییەوە لە ٥٢٠ هەزار سەرباز سالی ٢٠١٦ رێژەکەی بۆ یەک لەسەر سێ دابەزیوەو گەیشتۆتە ٣٥٥ هەزار سەرباز, هەروەها ژمارەی ئەفسەرانی لە ١٣٩ هەزارەوە دابەزیوە بۆ یەک لەسەر چوار واتە ١٢٩ هەزار ئەفسەر, ژمارەی هێزە ئاسمانیەکانیشی لەجیاتی ١٧ سرب فرۆکەی F16.



سوپای تورکیا پێش سەد ساڵ دامەزراوە, هیچ ئیهانەیەکی بەرنەکەوتوە و هەیبەتی نەشکاوە بەقەدەر ئەوەی لە کۆدیتا سەربازیەکە ٢٠١٦ رووبەروی بۆوە, چونکە ئەفسەر سەربازەکانی تورک لەسەر شەقامەکان راکێشران و لەلایەن هەواداران و لایەنگرانی ئیردۆغانەوە بە پێلاوەو چونە سەرسنگیان شێلایان و ئیهانەیان کردن جگە لەوەی بە هەزاران ئەفسەرو پلەداری سوپاکە فرێدرانە کونجی زیندانەکان و سەرەرای ئەوەش ئەشکەنجە و لێیان دەدران. دوای ئەوەش ئیردۆغان کەوتە داوی ئەو جەنگە ئەو جەنگەی کە تورکەکان خۆیان بەدۆراوی دەزانن ودەبینن رۆژانە سەربازەکانیان لەسوریا دەکوژرین و تانک و زرێپۆشەکانیان دەسوتێنرێ,سوپاکەی ئێردۆغان ئەوەش دەزاننکە سوپاکەیان بۆتە پارێزەری جاش و رێکخراوە تیرۆریستیەکان و ئەفسەرو سەربازەکانی ئیستای کەم ئەزمونن، تەنانەت شۆفێری تانک زرێپۆشەکانیان هێندە خراپەو ئەو چەکدارە توند رەوانەش بەقسەی ئەفسەرەکان ناکەن و زۆرجاریش دەمە قاڵەو شەڕە بۆکسین یان لەگەل دەکەن, هیشتا ئیردۆغان بە زۆنگاوی سوریا تەمێ نەبوەۃ ئاراستەی سوپاکەی بەرەو لیبیاو دەریای ناوەراست کردووە, ئەمەش ترس ودڵە ڕاوکێی تورکەکان زیاتر دەکات کاتێ دەبینن بەشداری مانۆرێکی ئاست خراپ دەکەن لەو ناوچانەو رۆژانە ئەفسەر وسەربازیان لێ دەکوژرێ. ئایا پەیمانی ناتۆ چیتر هاوکاری ئیردۆغان و سوپاکەی دەکات کە بەو شێوەیە بۆ ئازاردان و داگیرکاری فراوانخوازیەکانی بەکار دەهێنرێ یا ئەمجارە بێ دڵە ڕاوکێ ناتۆ سوپای تورک رێکدەخاتەوە بۆ ئەوەی لە کۆنترۆلی ئیردۆغان دەرچێ و بگەرێتەوە رێچکە ناتۆ؟ یا رووبەروی سوپای روسیای دەکەنەوەو تەواو سوپاکەی بێهیزدەکرێ. هەر لەم رۆژانەش دا گورزێکی تری کوشندە بەرسوپاکەی ئیردۆغان کەوت نزیکەی ٣٤ سەربازو ئەفسەری تری تورک کوژران و ئەویش وەک سیاسەتێکی هەلەپاسی هەمو ئەو پەنابەرانەی کە لە زیندانەکان بون ئازادی کردن تا بەرەو ئەوروپا برۆۆن وەک فشاریک ولەهەمانکاتیش هەولی پەیوەندی کردنی بە فلادیمیر پۆتینەوە دەدا تابەریسوایی ببیێ وشکوای حالی خراپی بۆ بکات .ئایا ئەویش وەک سەدام لە ژێر خەیمەیەکدا چۆکی پێدادەرێ و گەلانی تورک وکوردیش لەکۆلی ببنەوە؟



# له یادی ۲۷ ساڵه ی راپه ڕین---
# ڕاپەڕین له ده ڤه ری ئێمه ------

تەها عەبدولڕەحمان



له کوتایی یه کانی سالی ۱۹۹۰
ئیمه کومه لیک کادر و پیشمه رگه ی پارتیزان بوین که ئه و کات له باره گاکانی سه ر سنور له پشودابوین..کاک نه وشیروان مسته فا( ئه ندازیار و داریژه ری راپه رین )داوای لی کردین بچینه ناوچه کانی دولی جافایه تی و دوکان و پیره مه گروون و ده ورو به ری سلیمانی بو مه به ستی خو ئاماده کردن بو راپه رین ..
سه ره تا له باره گاکانی سه ر سنوره وه به ریکه وتین پاش هه فته یه ک به ریگایه کی شاخاوی و کویستانیکی به فراوی زور سه خت و به ماندو بون و ناره حه تیه کی زوره وه توانیمان بگه ینه شاخی پیره مه گroونی موقه ده س..
پاش چه ند روژیک پشوو ده ستمان کرد به راپه راندن و جیبه جی کردنی به رنامه که مان :
کوبونه وه له گه ل مه فره زه پارتیزانه کانی تر و روونکردنه وه ی سیاسه ت و به رنامه ی شورش بو مه به ستی راپه رینی جه ماوه ری گه وره
..
کوبونه وه له گه ل سه دان سه ربازی هه لاتوی سوپای عیراق که له کویت خویان ده ربازی ئه وشاخانه کردبوو..
گه یاندنی کومه لیک نامه و رینومایی بو ریکخراوی کومه له له ناو شاره کان به تایبه ت بو سلیمانی..
گه یاندنی کومه لیک نامه ی سه رکردایه تی که هینابومان بو پیشمه رگه دابراوه کانی ناو شار و ئوردوگا کان و بو که سایه تی و پیاوانی رژیم و سه روک جاشه کان..
به رده وامی نامه گورینه وه و ئاگادار کردنه وه ی یه کتر له گه ل ریکخراوی سلیمانی له هه موو بواره کانه وه..
کوبونه وه ی به رده وام له گه ل ریکخستن وهاوکاری پارتیزانه کان و که سایه تی و خزمه کانمان بو هه مان مه به ست..
له گه ل ئه وه ی ژماره مان زور نه بوو به مه فره زه ی بچوک بچوک له یه ک کاتدا چه ندین گه ره ک و مالمان ده کرد هه م بو ترساندنی دوژمن و هه م بو وووره ی جه ماوه ر..
هه ر یه کیکیش له خومان مخوه ل کرابوین که نامه بو هه رکه سیک بمانه وی بنیریو بو هه مان مه به ست..

گه یاندنی جیهازیکی راکال بو ریکخراوی سلیمانی بوده ستی کاک ئاکوی محمد وه هبی وکاک خالید ره زا که پیشتر هه ر له ریگه ی ئه م مه فره زانه وه له گه ل کاک سرکوتی جیهاز نیردرابونه ناو شار که دواتر ماوه یه ک پیش راپه رین و له کاتی راپه ریندا هه موو هه واله کان له ریگه ی ئه م جیهازه وه ده گه یشته جیهازه کانی تر و رادیوی گه لی کوردستان که ئه وکات باشترین هوکانی راگه یاندن و ده وریکی زور کاریگه ری هه بوو..
هه رچه نده به هوی ناردنی جیهازه که وه توشی هه ندی ناره حه تی و به ربه ست بوین به لام له دواجاردا به هیمه تی براده ران سه رکه وتوو بوین .. ته نها یه ک شه و تاخیر بوین و چه ند هه ڤالیکمان بریندار بوون و به نده ۳روژ مامه وه به ئیختیفا له شاروچکه ی پیره مه گروون به مه به ستی تداوی بریندراه کان له مالی کاکه حمه ی سیوکان پیاوی روژگاره سه خته کان و دواجار راپه رین ده ستی پی کرد و له چه ند سعاتیکد له ۸/۳/۱۹۹۱ بی ته قه ته واوی شاروچکه ی پیره مه گروون ئازاد کرا و ته واوی ناوچه که و سه رجاده ی سلیمانی دوکان و گشت معسکر و ره بایه کانی ناوچه که بی ته قه تسلیم به جه ماوه ر و پیشمه رگه بوون جگه له ره بایه کانی کوته ل هه ندی ووردده ته قه ی تیا بوو..
بو روژی دواتر له گه ل هیزه کانی ده ڤه ری راپه رین و سلیمانی یه کمان گرته وه به ره و قه ره هه نجیرو کرکوک به ریکه وتین ....
ئه م سه رکه وتنانه به هیمه تی جه ماوه ری کوردستان به گشتی ماندو بونو قوربانی خه لک و پیشمه رگه هاته کایه وه..
لیره وه سلاو بو ماندو بون وجوامیری شیره پیاو و ژنه کان ده نیرم که ده وری زور دیاران هه بووه له م سه رکه وتنانه.
سلاو و دروود بو شه هیدان
سلاو و دروود بو روحی به رزی نه وشیروان مسته فا..
سلاو بو جه ماوه ری گه له که مان
سلاو بو پیره مه گروون و دوکان و ده ورو به ری
سلاو بو پیشمه رگه.
به داخه وه ئامانجه کانی راپه رین نه هاته دی.......



# کاک نەوشیروان چی وت..!




## دلێر عەبدولخالق

بۆ یادی ڕاپەڕین، گەڕامەوە بۆ دەفتەری یاداشتەکانم. لاپەڕەکانی سەرەتام تێپەڕاند و بە مەبەست لەسەر تێبینیەکانی رۆژی (٥)ی ئازاری (٢٠١٣) وەستام. ئەو بەیانییە (پێنجی ئازاری ٢٠١٣)، جیاواز لە سپێدەکانی دیکە و بەهۆی ساڵیادی راپەڕینی خەڵکی رانیە؛ تامەزرۆ بوم کاک نەوشیروان ببینم و دەرفەت بڕەخسێت لە زاری کاریگەرترین کارەکتەری ناو روداوەکان باسێکی نوێ دەربارەی "راپەڕین" بزانم. لە گردی زەرگەتە "هۆشیار عومەر-م" بینی و پێم وت با بەیەکەوە سەرێ لە کاک نەوشیروان بدەین. ئەو لەمن تامەزرۆتر و پەرۆشتر دەرکەوت؛ هەربۆیە پەیوەندیمان بە کاک چیا وە کرد و ڕێککەوتین بۆ لای ئەندازیاری راپەڕین. کاتژمێر (١٠:٣٠)ی نیشان دەدا، کاتی داخڵی ماڵە سادەکەی گردی عەلی ناجی بوین، وەک هەمو جارێک جگەرەکەی بۆی دەسوتا و بە لوتفێکی پڕ ویقارەوە بەخێری هێناین. ڕێککەوتێکی بەهاداریش بو کاتێک خوالێخۆشبو کاک کوردۆ قاسم و کاک مستەفای سەید قادر-مان لەوێ بینی. بۆئەوەی بابەتی گفتوگۆکە بەلای راپەڕیندا وەرچەرخێنم، هەر زوو نۆرەی قسەم وەرگرت و پرسیارم دەربارەی ئەو نامە کرد کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوببووەوە و تێیدا "کاک نەوشیروان داوا لە کەسایەتی رانیە (حەمەی کاک هەمزە) دەکات هاوکاری خوالێخۆشبو (عەزیز بەگ) بکات کە بۆ راپەڕاندنی ئەرکێک نێردرابووەوە". کاک نەوشیروان وتی: "مەبەستم لەو نامەیە ئەوەبو؛ حەمەی کاک هەمزە شوێنێک بۆ جیهازەکەی عەزیز بەگ بدۆزێتەوە بەشێوەیەک لە گڵدا بێت و پارێزراو بێت، بۆئەوەی ببێتە خاڵی پەیوەندی لە نێوان جەماوەری ناوچەکە و هێزەکانی پێشمەرگە". بۆ گرێدانەوەی زنجیرەی روداوەکان، کاک مستەفای سەید قادر هاتە قسە و باسی لەوەکرد کاک نەوشیروان چەندین نامەی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە و ئامادەکارییەکانی راپەڕین ناردوە، لەوانە چەند دۆکیۆمێنتێکی پڕ بەهاتر لەروی مێژوییەوە کە لای ئەو پارێزراوە. زیاتر لە کاتژمێرێک ماینەوە و، قسە و باسێکی زۆر دەربارەی راپەڕین و ئامادەکارییەکان کرا، بە تایبەت کە کاک کوردۆ و کاک مستەفا لە ناوچەی گەرمیان و راپەڕین رۆڵیان لەناو کاری پێشمەرگایەتیدا زۆر دیار بوە. لەناو ئەو کەشە زانیاریئامێزەدا نۆرەی پرسیارم وەرگرتەوە و پرسیم؛ بۆچی یادەوەری راپەڕین لەناو خەڵک هێندە کەم بەها و بێنرخ کراوە؟ کاک نەوشیروان زوو هاتە وەڵام و وتی: "کاکە من حەزناکەم قسە لەبارەی ئەو یادەوە بکەم و خەڵک باش ئەزانێ کێ کردویەتی و کێ-ش لە سایەی حەساوەتەوە. بۆ نمونە ئەم کاک کوردۆیە یەکێک بوە لە مەسئولەکانی پارتیزانەکانی گەرمیان، سەید مستەفا یەکێک لە دامەزرێنەرانی شانە چەکدارەکانی سرک بوە کە رۆڵی دیاریان لە راپەڕیندا هەبوە، بەڵام بە راستی خەڵک هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی راپەڕین بووە. وە لەبەرئەوەی بەرهەمی راپەڕین بۆ خاوەنە راستەقینەکەی نەبوو، کە خەڵکە؛ بۆیە مافی خۆیانە گاڵتە بەو یادە بکەن ".

# ڕاپەڕین و دیلە عەرەبەکان

پاشماوەی لاپەڕە 1

## مەسعود عەبدولخالق



ئەو وەسفانە تەواو نییە، بەڵام جاروایە ئەو وەسفانە دێنەدی، بەتایبەتی لە ڕاپەڕینە میللیەکان بڕیاڕی نامەعقول دراوە و جێبەجێش کراوە، بڕیاڕی دەستە جەمعی لە کۆمەڵگە ستونیەکان زۆر مەترسیدارە، بۆیە مەرج نییە کۆڕای ئەوانە ڕاست بێت، لێرەوە دەبێت ورد تربین، ڕای گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی ئاینی جیایە لەگەڵ کۆمەڵگەی بەدەوی، بەهەمان شێوە کۆڕای کەسانی عەوام لەگەڵ ڕۆشەنبیر جیایە، لەوەوە ئیمامی علی گوتوویەتی (العوام..ینحنون بکل ریاح، اذا تجمعوا* نروا و اذا انتشروا نفعوا..). بەو شێوەیە رای گشتی عەوامی نەفام هەڵخەتاوییە، ئیتر ناشێت ئەو جۆرە ڕایە بکرێتە بڕیاڕ، کە زۆرجار کراوە و بۆتە کارەسات.



ئەو بۆچوونە جیاجیانەی سەروو لە ڕاپەڕینەکانی کوردستان بەدی کرا، لە هەندێ شوێن تاڵان وکاری عەبەسی کرا، بەڵام بەگشتیەکەی میللەت باشتر بوو لە بەرپرسان، هەموو بەرپرسێکیش نا، لەوانیش پۆلین هەبوو، لەو چوارچێوەیە ئەوەی ڕادەبینرا، کە خەڵکی کوردستان تۆڵە لەو سەرباز و پلەدارانەی سوپای عێراق بکەنەوە، چونکە هەر ئەو سوپایە بوو، پیش دوو ساڵ زۆر بەبێ بەزەییانە ئەنفالی کوردستانیان کرد، زۆربەی ئەوانەی ڕاپەڕین کەس وکاریان ئەنفال کرابوو، ژن و منداڵیان بە زیندوویەتی ژێر گل کرابوو، کەچی وا ڕووی نەدا ، زیاتر لە 150000 ئەفسەر و سەربازی عەرەب و بەعسی بەدیل گرت، بە پێچەوانەوە ڕێزیکی زۆری ئەو دیلانەی سوپای عێراق گیرا، لەخزمەت و نان وجل و بەرگ پێدان و .. دەرکەوت ئەو هەنگاوە بە بڕیاڕو ڕێنمایی سەرکردایەتیش نەبوو بەڵکو ئەوەی پێی دەگوترێت (ئەخلاقی کوردەواری) پارێزگاری لێکردن.

# لێرەوە بناغەی راپەڕین و روبەڕوبونەوەی پێشهاتەکان وخۆئامادەکردن دانرا..

شوێن نزیک گوندی ( ولەژێر ) ی سەر بەشارۆچکەی مەریوانە.

کە ماوەی مانگێک بوو سەرجەم بارەگاکانی هێزەکانی مەڵبەندی یەک گواسترابونەوە ئەوەی.

ئەو رۆژە رەوانشاد نەوشیروان مستەفا لەگەڵ بەرێز ملازم عومەر عەبدوڵا بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان وشێردڵ حەوێزی ئەندامی مەکتەبی عەسکەری گەیشتنەلامان ، پاش کۆبونەوەیەیان لە رۆژانی پێشووتردا لەگەل هێزەکانی هەردوو مەڵبەندی ٣ لە قاسمەرەش و مەڵبەندی دوو لە گوندی بلەکی. ئەوەی لە وێنەکەدا کە هاوشانیەتی و پیشمەرگەکانی پێ دەناسێنێت، مامۆستا عەلی عەبدولآیە، کە ئەوکات کارگێری رێکخراوی چواری کۆمەڵە بوو. ئەم کۆبونەوەیە بە هێزەکەی ئێمە کە تا ئەوکات لە چوارچیوەی مەڵبەندی یەک دا رێکخرابوو ، دوو رۆژی تەواوی خایاند. رۆژی یەکەمی کۆبونەوەکە کە بە دوو قۆناغ بەرێوەچوو ،کە نەوشیروان مستەفا خۆی بەرێوەی دەبرد، بە درێژایی نزیکەی دە سەعاتی ئەو رۆژە بۆ چرکەیەکیش نەمبینی دابنیشێت ، سەرەتا باسی لە بارودۆخی ئەو کاتی یەکێتی نیشتمانی کرد، کە پاش شکستێکی سەربازی گەورە و دوای بەرێووەچوونی پرۆسەی ئەنفال ولەدەستدانی ناوچەکانی کوردستان ،هۆکار و لێکەوتەکانی ئەو شکستە سەربازیە کرا، پاشان بارودۆخی ئەوکاتەی دەوڵەتی عێراق و ئەو هێزە زەبەللاحە سەربازیەی کە پاش کۆتایی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئیران و محاولە ئینقلابیە سەربازیە سەرنەکەوتوەکانی ئەو ماوەیە، باسی پەیوەندیەکانی ئەوکاتی یەکێتی نیشتمانی کرد لەگەل هێزە کوردە بەرهەڵستکارەکانی ئیران و هەروەها پەیوەندیەکانی لەگەل پارتی کرێکارانی کوردستان و سەبارەت بەم پەیوەندیانە زۆر بەراشکاوی بەبێ پەردە جۆر و ئاستی پەیوەنیەکانی باسکرد، تەنانەت بەشیوەیەک باسی ئەو پەیوەندیانەی کرد، لەبەر بارودۆخی ئەوکاتی یەکێتی نیشتمانی و بونی بارەگاکانمان لە ئێران ، باسی لەوەکرد کە ئەو قسانەی بۆ ئێمەی دەکات ، ئامادە نیە یەک وشەی بخاتە سەر کاغەز، لەبەر بارودۆخی ئەوکاتی یەکێتی نیشتمانی و بونی بارەگاکانمان لە ئێران ، باسی لەوەکرد کە ئەو قسانەی بۆ ئێمەی دەکات ، ئامادە نیە یەک وشەی بخاتە سەر کاغەز، دیاربوو مەبەستی لە هەستیاری باسەکە و خەمی لێکەوتەی وتەکانی بوو، کە هێ ئەوە نیە بچێتە دەرەوە ولە چوارچێوەی زانیاری رێخراوەیی و حیزبیدا بمینیتەوە ، پاشان باسی پەیوەندی وڵاتانی دەوروبەر و جیهان کرد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ، بەرامبەر بە چەک و ئەو هێزە زۆرە سەربازیەی کە بۆتە مەترسی و هەرەشە بۆسەر دەوڵەتانی ناوچەکە و بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکانی دنیا . ئەوەی کە ئەو پێشبینی دەکرد و باسی کرد هەمووی جێگای دڵخۆشی و ورە و ئومێدی گەورە بوو بە گۆرانکاری گەورە لە داهاتویەکی نزیک دا کە بەراستی لەدوایی ئەنفالەوە کە نائومێدی هەبوو ، هێزێکی گەورەیی مەعنەوی بەخشیەوە بە پێشمەرگە. ئەمە هەر لە ئاستی هیوا و قسەدا نەمایەوە، بە بەرنامەیەکی چڕو خۆڕێکستنەوەیەکی نوێوە کە لەئاست گۆڕانکاریەکان دا بێت. بۆ رۆژی دوەمی کۆبونەوەکە، هاتبوو، گوێبیستی پرسیارەکانی ئێمەو باسی شیوەی تەشکیلەی تازەی هێزەکانی کرد، کە ووتی هەر لە ئەمرۆوە دەست پێدەکەین، کە ئەم هێزە دەکەین بە سێ بەش و سێ تەشکیلەی جیاوازەوە. ئیتر لێرەوە بەو پێیەی کە ملازم عومەر بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بوو، داوای لێکرد، کە هەستیت و باسی پلان و شێوەی تەشکیلەی هێزەکە و رویوشوینەکانی بکات، ئەویش بەم شیوەیە باسی لە شێوەی رێکخستنی هێزەکە کرد کە هێزی یەکەم هێزێکی تایبەت دەبێت، ئەم هێزە دەبنە مەفرەزەی پارتیزان و پاش بینینی خولێکی خێرا ، دەستە دەستە رەوانەی ناوچە چۆلەکانیان دەکەین، هەر لە سبەینێوە ئەم هێزە دەبەینە لای خۆمان ولەوانی تر جیایان دەکەینەوە، ناونوسین لەم هێزەدا ئارەزوومەندانە بوو، بەلآم پاش ناونوسین و ئامەدە دەربرینی هەر پێشمەرگەیەک لەم هێزەدا ، سەرجەم ناوەکان درانە رێکخراو، کە سەرپەرشتی رێخستنەکانی کۆمەڵەی دەکرد، ئەوان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرد و تێبینیان لەسەر هەر کەسێک هەبوایە، ئەوان ناوەکەیان لە هێزە تایبەتیەکە دەسڕیەوە.



پێشمەرگەکان لە پێشوازی نەوشیروان مستەفادا

مێژووی وێنەکە رۆژی ١٣ ی حوزەیرانی ١٩٩٠.

هێزی دووەم لە چوارچێوەی بەتالیۆندا رێکخراو لە هەر مەڵبەندێکی پێشوودا دوو بەتالیۆن تەشکیل کرا ، بەتالیۆنەکان لە شێوەی تیپ و کەرت و مەفرەزەدا رێکخرا ، شوێنیان بارەگانی سەرسنوریان بۆ دیاری کرا و بەشیوەیەکی تازە رێکخرانەوە.

هێزی سێیەم، ناونرا هێزی ئەحتیات ( یەدەک ) ئەم بەشە کە ناونرا هێزی یەدەک ، ئەو پێشمەرگانە بوون کە بەهۆی بونی کەسوکار و سەختی ژیانیان ، لە دیوی ئیران و ئۆردگاکان ،یاخود برینداری و نەبونی توانای جەسەدی ، توانای مانەوەیان لە بارەگاکاندا زۆر نەبوو ، بۆیە بەم هێزە وترا کە تەنیا لەکاتی زۆر پیویستدا ئاگادارتان ئەکەینەوە ، کە بۆ راپەرین ئەم هێزەش سودی لێبینرا. لەماوەی هەفتەی یەکەمی دوای کۆبونەوەکە تەشکیلەی هێزەکان وەک ئەوەی بریاری لێدرا جێبەجێکرا و من بۆ خۆم کە لەهێزی یەکەم بووم کە هێزی تایبەت بوو ، لەگەڵ هاوڕێکانمدا گواسترایناوە بۆ قاسمەرەش و پاش ماوەیەکی کەم وەک مەفرەزەی پارتیزان نێردراینە شارباژێر و لەویوە درێژەمان بە خەباتی پارتیزانی ، کە شێوە خەباتێکی نوێبوو دا . هێندەی نەبرد بەرهەمی ئەم شێوە تەشکیلەیە و گەورەیی ئەوپلانەمان بینی کە دانرا بوو . هەروەک چۆن نەوشیروان مستەفا باسی زەبەلاحی ئەو هێزە سەربازیەی رژێم و مەترسیەکانی بۆسەر دەوڵەتانی ناوچەکە و بەرژەوەندی زلهێزەکان کرد ، پەلاماری کویتی پێ دا و داگیریکرد ، روداووەکان خێرا بوون ، بەڵام چونکە پێشتر بە وردبینی وکارامەیی پلانەکان لەلایەن شۆرشەوە دانرابوو ، هەموو شتەکان رێک رەوێشین ، ئێمەش رۆژانە زیاتر هەستمان بە گەورەیی ئەو پلانە دەکرد کە دانرا و پێش نزیکەی دوو مانگ لە داگیرکردنی کوێت ، هاتنی روداوە خێراکان مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەرنامەی چروپری بۆ دانرابوو ، کە بەردەوام لەگەڵ گۆرانکاریەکاندا ، ئێمەیان لە جۆر و شیوەی هەڵسوکەوتمان لە ناوچە چۆلەکاندا ئاگاداردەکردوە و بەپێی ئەو پلانە هەلسوکەوتمان دەکرد. بۆیە دەڵێم راستە پەلاماردانی کوێت ومەترسی رژێم بۆ سەر بەرژەوەندی زلهێزەکان و هەموو ئەو زوڵمە چەند ساڵیەی رژێم لە ناوخۆدا زەمینەیەکی باشی بۆ راپەرین رەخساند ، بەڵام بەکەم گرتن و بێکاریگەرکردنی رۆل و کاریگەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رۆڵی نەوشیروان مستەفا لەو وەرچەخانەدا ، جگە لە درۆکردن لەگەل مێژوو و ویژدانی ئەوانەی باس لەو روداوە دەکەن و مێژوو دەنوسنەوە هیچ شتێکی ترمان پێنالێت... درود بۆ رۆحی پاکی هەموو ئەو شەهیدانەی کە بەخوێنی خۆیان قەلای زوڵم و ستەمی چەندسالەی بەعسیان لە کوردستان رامالی.

سلاو بۆ هەموو ئەوانەی کە بەپاکی مانەوە و بەرهەمی راپەرینیان نەکردە خشت بۆ بیناکردنی کۆشک وتەلار. درود بۆ گیانی پاکی ئەندازیاری راپەرین ، نەوشیروان مستەفـــا کە بەبیری ورد و پلانە تۆکمەکانی رۆحی ئومێد و بەرگری لەدڵماندا چاندەوە و رۆژبەرۆژ ،بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی کە راستەوخۆ پێماندەدرا ، بەسەرکۆسپەکاندا سەردەکەوتین ، کە سەرەنجام خۆیی لە راپەرین و رامالینی دەسەلاتی بەعسا بینیەوە.

**نەوزاد کەریم**

# ســـلێمانی و ڕاپەڕینی حەوتی ئازاری ١٩٩١

# گرتنی ئەبوسەنا و یادێک لە حەسەن حەمەخان




حەسەن حەمەخان مامۆستا حەمە فەریق حەسەن

پێش ڕاپەڕین، ئەبو سەنا پێگەیەکی دیاری ئەمنیی شاری سلێمانی بوو. ئەوێ ئوتیل، چێشتخانە و باڕ بوو. پارێزگەی سلێمانی میوانی بە جۆرێکی بهاتایە، وەک شاندی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرانی موجاهیدنی خەڵک، لەوێندەرێ دەبوونە میوان و لەوێ خزمەت دەکران. هاوکات، ئەوێ بنکەی سەربازیش بوو. لە سەربان و دەوروبەری ئەبو سەنادا، سریەیەک سەرباز جێگیر کرابوون. ئەرکی ئەو هێزەیش، پارێزگاری ئوتێلەکە و میوانەکانی بوو. وێڕای بەرگری و پاراستنی ئاسایشی شار. حەوتی ئادار، گرتنی ئەم پێگە مەحکەمەی ناوشاریش بە حەسەن حەمە خان، (١٩٣١– ٢٠١٣) سپێردرابوو. حەسەن حەمە خان کێیە؟ ئەو پیاوماقوڵی گوندی قولە-یە. لێ ئەو دەمە، گوندی قوولە ڕاگوێزرابوو، دانیشتوانەکەی بە خورتی لە کۆمەڵگەی شۆڕش- ی پاڵ شاری چەمچەماڵدا نیشتەجێ کرابوون. لە کاتی ڕاپەڕیندا حەسەن لە چەمچەماڵ دەژیا. ناوبراو ساڵانی ١٩٧٤–١٩٧٥ نزیکەی ساڵ و نیوێک لە ئەبوغرێب زیندانی سیاسی بووە. لێ حەسەن دوای ڕاپەڕین وەک هاوڕێکانی، مووچەی زیندانی سیاسیی وەرنەگرتووە. ئەو پیاوێکی خانەدانی بەوەجی بەدەست و دڵ بوو. لە دێیەکەی خۆیدا، کە قولەیە، دیوەخانێکی گەورەی هەبوو. ئەو دیوەخانە بۆ پێشمەرگە داڵدە و شوێنی حەوانەوە بوو. حەسەن خۆی و کەسوکاری لە شۆڕشی ئەیلوولەوە هەتا شۆڕشی نوێ پشت و پەنای پێشمەرگە بوونە. ئەو مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە بوو، خۆی بڕیاری دەدا و گوێشی لێ دەگیرا.

سەرکردەکانی پێشمەرگە پرسیان پێدەکرد و بە قسەشیان دەکرد. ئەو جێی متمانەی پێمیم و خەڵک بوو. بۆ هاوکاری و بەدەنگەوەچوونی هێزی پێشمەرگە هەردەم دەستپێشخەر بوو. ئەو دۆستی جەنابی مام جەلال و کاک نەوشیراون بوو. جارێکیان سەرەتای ساڵانی هەشتا، لە پشووی هاوینەدا، کاتێک من سەری قولەم دا، کاک حەسەن پێی وتم: "لە کاتی خۆیدا هاتی. نامەیەکم لە مام جەلالەوە بۆ هاتووە، نەمدەزانی بیدەم بە کێ بۆم بخوێنێتەوە ".وەختێ نامەکەی هێنا، لەوێدا مام جەلال دوای هەواڵ پرسین، داوای لە حەسەن حاجی حەمە خان کردبوو پێکەوە لەگەڵ کەریم ئاغای هەمەوەندیدا بچنە لای ئامیری لیواکەی چەمچەماڵ و پێی بڵێن، پێمیمێک لای ئەوان بەدیل گیراوە، هێزی پێشمەرگەیش گەورە ئەفسەرێکی ئەوانی لەلایە، با ئێمە بیانگۆڕینەوە. دوای ئەوەی نامەکەی جەنابی مام جەلال- م بۆ خوێندەوە، کاک حەسەن پێی وتم: " من سبەینێ جێتدێڵم."

وەختایێ سبەی، ئێوارەیەکی درەنگ گەڕایەوە قولە، گوتی: "لەگەڵ کەریم ئاغادا چوینە لای ئامیر لیوا و ڕاسپاردەکەمان جێبەجێ کرد." منیش هەواڵی پێمیمە دەستبەسەرەکەم لێ پرسی کە پلەدار بوو، کاک حەسەن وتی: "بیستوومە زۆریان ئازار داوە." من ئێستا ناوی ئەو پێمیمەم لە یادنەماوە. پێش ڕاپەڕین، حەسەن حەمە خان هاوکاریی ئەو پێمیمانەشی دەکرد، کە دوای ئەنفال، لە هەرد و قاتەکانی گەرمیاندا گیریانخواردبوو. حەسەن پێش ڕاپەڕین، لە دەڤەری قەرەداغ، شەهید حەمە ڕەش، ئاواتی شێخ جەناب و ئەنوەر دۆڵانی- ی دیبوو، ئەوان پێکەوە هاوئاهەنگ بوون. لەو بروسکەیەدا، کە بەنیازی ڕاپەڕین، پەیتا پەیتا لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە بڵاودەکرایەوە. ناوی نهێنیی حەسەن حاجی حەمە خان (وەستا حەسەن) بوو.

وەختی حەسەن ڕووبەڕوو، ئەم پەیامەی بە تەحسین شاوەیش داوە، ئەو دەق ئاوا وەڵامی داوەتەوە: [من لە خەڵک نادەم. ناچمە پاڵ پێشمەرگە. ناچمە پاڵ حوکوومەتیش. لە جێی خۆم دەمێنمەوە و جووڵە ناکەم.

ئەگەر ئینتیفازە ناجیح نەبوو، ئەوا لەگەڵ حوکوومەت دەبم. من لەگەڵ حوکوومەت نەبم ناتوانم بژیم.] ژمارەیەک لەوان، وەختی گوێیان لەم پەیامەی حەسەن بووە، هەڵساوەنەتە سەر پێیان و سەلامیان بۆ مام جەلال کردووە. یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین، حەسەن لەگەڵ دەستەکەی، کە لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە پێکهاتبوون، بە چەکەوە، کە لە ڕێی ڕێکخستنەوە پەیدایان کردووە، لە گردەکەی سەرچنارەوە، لەماڵی حەمەی پاقلاوەوە دادەگەڕێن و دەدەن بەسەر سریەکەی دەوروبەری ئەبو سەنا- دا.

١(محەمەد ساڵح ئەحمەد (حەمەی پاقلاوە)

٢(ئازاد ساڵح (ڕێکخستن)

٣(کامیل ئەحمەد حەمە ڕەشید)

٤(لوقمان حەمە ئەمین چەمچەماڵی)

حەسەنی حەمەخان، ڕۆڵی سەرکردەی ئەم دەستەیەی بینیووە. لە کاتی بەرەوڕووبوونەوەدا، بەهۆی تەقەی سەر ئەبوو سەناوە دوو هاوڵاتی بریندار بوونە. دوای گرتنی سریەکە دەچنە سەر بینای ئەبوو سەنا، پاش تەقە و بەکارهینانی چەکی ئاڕبیجی، کە لە گرتنی سرەیەکەدا دەستیان کەوتبوو، سەربازەیلی بینای ئەبو سەنا، وەک نیشانەی خۆبەدەستەوەدان، گونیەی ئارد؛ کە ڕەنگی سپییە، بەڕوویاندا بەرزدەکەنەوە. ئەم دەستەیە نزیکەی چل تا چلوپێنج سەرباز بە دیل دەگرن، ماوەیەک دەیانخەنە مزگەوتەکەی سەرچنارەوە. حەسەن حەمە خان خۆی خواردن بۆ ئەم سەربازە دیلانە پەیدادەکات. هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژەیش، واتە حەوتی ئادار، ئازادیان دەکات. لێرەوە ئیتر ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی شار، دێنە پاڵیان و دەبن بە خاوەنی چەک. ئەوان ئیتر بۆ گرتنی پێگەکانی تری ناو شار دەستبەکار دەبن.

---

وێنەکە حەسەن حەمەخان-ە.. لە لاپەڕەی (خزمانی بابان لە چەمچەماڵ) وەرمگرتووە.

# ئەرشیفێکی دەگمەنی سەرکەوتی جیهاز خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١























## یادنامە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

YADNAMA



سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهاز)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703